# ئۆباما چی لە تورکیا دەوێ و ڕۆڵی کوردیش لەو هاوکێشەیەدا چییە ؟



فەیسەڵ دەباغ

هەڵبژاردنی تورکیا لە چوارچێوەی سەردانە ئەوروپییەکەی باراك ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وەك یەکەم وڵاتی ئیسلامی، ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە ئایا سەرۆکی ئەمەریکا و تیمەکەی لەو سەردانەیاندا چییان لە تورکیا دەوێ؟ بەتایبەتی پاش پەیوەندییەکی ساردو سڕی نێوان هەردوو وڵات، بەهۆی ڕێنەدانی پەرلەمانی تورکیا بەهێزەکانی ئەمەریکا لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کە خاکی تورکیا بەکاربێنن.

پاڵپێوەرەکە هەرچییەك بێت، بەڵام هەڵبژاردنی تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لەو وڵاتانەی کە ئۆباما لە گەشتە ئەوروپییەکەیدا سەردانی بکات، بایەخدانی ئۆباما مانا نیشان دەدات بە وڵاتە ئیسلامییەکان لەو سیاسەتە کراوەیەی کەبەرامبەر بەوڵاتانی جیهان پەیڕەوی دەکات و لەهەمان کاتیشدا داننانە بەو ڕۆڵەی کە تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا دەیگێڕێ، (سکۆت ویلش )کە شارەزایەکی ئەمەریکییە پێی وایە تورکیا پێگەیەکی گەورەی هەیە لەلای ئیدارەی ئەمەریکاو پشتیشی پێ دەبەستێ لە ستراتیژییە نوێیەکەیدا، سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوین و جیهانی ئیسلامیدا، ئەم دیدەشی بەوە بەهێز دەکات کە تورکیا پارتێکی ئیسلامی میانڕەو حوکمی دەکات و تارادەیەکی زۆریش توانیویەتی نێوان بەها ئایینیەکە و عەلمانییەکە لەچوارچێوەی سیستەمی دیموکراتیدا جۆرە تەوافوقێك دروست بکات، کە ئەمەیش هیچ حکومەتێکی دیکە لە جیهانی ئیسلامیدا نەیتوانیوە بەسەرکەوتوویی ئەو جۆرە تەوافوقە دروست بکات.

سەرەڕای ئەمە، شارەزاو شیکارانی دیکەی ئەمەریکا تەئکید لەوە دەکەنەوە کە ئۆباما خەریکی دیاریکردنی بایەخی تورکیایە وەك بازاڕێکی تازە پێگەیشتوو و هاوپەیمانێکی عەسکەری و یاریزانێکی بنچینەیی لە دابینکردنی ئەو نەوت و غازەی کە لەقەوقازەوە دێت.

ئەمە زێدەباری ئەوەی کە هەروەکو وەکیل وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسی لە ئیدارەی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مارك گرۆسمان، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ململانێی نێوان شارستانییەکانی تیا بەدی ناکرێ.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، چاودێرە تورکەکان پێیان وایە سەردانە یەکسەرەکەی ئۆباما بۆ ئەنقەرە پاش لوتکەی ئەتڵەسی ، ئەو دیدە ئەمەریکییە دەچەسپێنێ کە تورکیا بەشێکە لە کیشوەری ئەوروپا و بایەخێکیشە بۆ ئەوروپیەکان بۆ ئەوەی پاز بەسەر ئەو تەگەرانەدا بدەن کە ڕێگرن لەبەردەم وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا و بوونی تورکیشا بەئەندام لەو یەکێتییەدا بەهێزتر دەکات، بەتایبەتی لەو ڕووەوە تورکەکەکان ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ستراتفۆری هەواڵگری ئەمەریکا دەکەن کەتیایدا ئاماژەی بەوەکردبوو تورکیا تا ساڵی ٢٠٤٠ دەبێتە هێزێکی گەورەی ئەقلیمی ، بەمەیش دەتوانێ دەست بەسەر هەموو خاکی ئیمپراتۆریەتی پێشووی عوسمانی بگرێتەوە، ڕۆژنامەی ( زەمان)ی تورکیا کە نزیکە لە پارتی دەسەڵاتدار دەڵێ: ستراتیژییەتی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا بیل کلینتۆن بەگرێدانی تورکیا بە ڕۆژئاواوە خەریکە دووبارە ببوژێنرێتەوە، پاش ئەوەی کە لە سەردەمی سەرۆك بووشدا تووشی چەند هژیانێکی گەورەبوو.

ڕۆژنامەی (حورییەت) ی تورکی لەسەر زمانی هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێ: تورکیا تاڕادەیەك نموونەیەکی رادەبەدەرە، لەیەك کاتدا دەتوانێ ببێتە دیموکراتی و عەلمانی و ئیسلامی، تەئکیدیش لەوە دەکاتەوە ئەو ڕۆڵەی تورکیا وەك پێشەوایەکی ئەو جیهانە دەیگێڕێ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبووندایە.

بەپێی سەرچاوە تورکییەکانی ئاگادار، هیلاری کلینتۆن ئاگاداری وتووێژکەرە تورکەکانی کردبوو کە ئیدارەی ئەمەریکا بەرامبەر بە ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ ئێراندا کراوەیەو تەنها پاش تێپەڕبوونی دوو هەفتەش لەسەر سەردانەکەی هیلاری کلینتۆن بۆ ئەنقەرە ئۆباما نامەیەکی ڕاستەوخۆی ئاراستەی ئێران کرد، کە ئەمیش ئاماژەیەکە کە ئەنقەرە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە و یارمەتیدەر دەبینێ لە پلانەکانی سەرۆك ئۆباما، بەتایبەتی دەربارەی بەردەوامی لەگەڵ ئێراندا.

جا لەبەرئەوەی تورکیا دراوسێی عێراقە، ئۆباماو تیمەکەی جەخت لەسەر بایەخی تورکیا دەکەن لە قۆناغی داهاتوودا، تورکیا ئەمینترین و هەرزانترین ڕێگە دەبێت بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، کە ئەمیش هانگاوێکە ئۆباما دەیەوێ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ پەیڕەوی بکات وەك بەشێك لەو سیاسەتە کراوەیەی کەبەرامبەر وڵاتانی ئیسلامی پەیڕەوی دەکات.

هەروەها ئیدارەی ئەمەریکا پێی وایە تورکیا سەرەڕای ئەو تەنگژەیەی کەتووشی پەیوەندییەکانی بووە لەگەڵ ئیسرائیلدا بەهۆی شەڕی غەزەوە، بەڵام ئەو وڵاتە دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ لە پرۆسەی ئاشتیدا، بەتایبەتی لەنێوان سوریاو ئیسرائیلدا، کە ئەمیش لەلایەن نێردراوی ئەمەریکا جۆرج میتشل دووپاتکرایەوە.

هەرچەند هەندێ پێیان وایە کە ئاسۆی هاوپەیمانی ئەمەریکا — تورکیا خەریکە دووبارە پتەوتر دەبێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە لەساڵی ٢٠٠٣ دا بە ئەزموونێکی زۆر قورس تێپەڕێ، بەڵام حکومەتی تورکیا ئێستا لەوە دەترسێ نەوەکو ئۆباما بەشێوەیەکی فەرمی دان بە کوشتارگەکەی ساڵی ١٩١٥ی ئەرمەنییەکان بێنێ بەپێی ئەو بەڵێنەی کە لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا دابووی، کە ئەم کارەش وای لەشیکاری تورك عومەر تاسبینار کردووە کە بڵێ: ئۆباما بەپێچەوانەی سەرۆکەکانی پێشووی خۆی بیرمەندێکی

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

گەورەیە و زانیاری تەواوی دەربارەی مەسەلەی ئەرمەن هەیە، هەتا بەر لەوەی ببێتە ســـەرۆك و ئەگەرێكی زۆریش لە ئارادایە ئۆباما ئیلتزام بەو بەڵێنەی خۆی بكات كە پێشتر دابووی.

بۆ ســـەلماندنی ئەو رایە، ئۆباما لەپەرلەمانی توركیا دا وتارێكی پێشكەش كرد كە لەبەشێكیدا ئاماژەی بەو مەسەلەیە دابوو.

ئۆباما لـــەو وتارەیدا داوای كرد كە پێویســـتە توركیا رووبەڕووی راستییە مێژووییەكانی خۆی ببێتەوە و ئەم مەسەلەیەش پێویستە لە نێوان توركیا و ئەرمەنستان چارەسەر بكرێت.

لە وەڵامی پرسیارێكیشـــدا كە ئایا ئۆباما لە وتاری رۆژی ٢٤ی نیساندا كە رۆژی جینۆســـایدی ئەرمەنییەكان وشەی جینۆساید بەكار دێنێ یان نەء؟ ئۆباما هەر چەند ویستی خۆی لە وەڵامەكە بدزێتەوە و تەنیا ئاماژەی بەوەكرد كە ئێستا دیدار و كۆبوونەوەكانی نێوان هەردوو وڵات بەردەوامە و هیوای وایە كە لە ماوەیەكی نزیكدا ئەنجامی ئەو دیدارانە بەدیار بكەوێ، بەڵام واپێدەچێ ئەو وشـــەیە بەكار نەهێنێت و بەدوای وشەیەكی دیكە بگەڕێ.

بەكورتـــی، فایلێكـــی زۆر لـــەو وتووێژانەی ئەمەریـــكا- توركیا دانووســـتانیان لەســـەركرا، نەك هەر ئێـــران و رۆژهەڵاتی نێوین و پەیوەندییـــە دووقۆڵییەكان، بەڵكو مەســـەلەی بەكارهێنانی خاك و بەندەرە توركییەكان لە پرۆســـەی كشـــانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراق و هاریكاری ســـێ قۆڵـــی ئەمەریكا- توركیا- عێراق دژ بە پارتی كرێكارانی كوردســـتانیش، كە واشنتۆن بە رێكخراوێكی تیرۆریستی دایدەنێ، ئەمە سەرەڕای رۆڵی توركیا لە جێبەجێكردنی ستراتیژییەتی نوێی ئەمەریكا لە ئەفغانستاندا.

واشنتۆن پۆست پێیوایە ئەم سەردانەی ئۆباما بۆ ئەنقەرە، نەك تەنیا بە ئامانجی نەهێشتنی ناكۆكییەكانی نێوان وڵاتانی یەكێتی ئەورووپا و ناتۆیـــە، بەڵكو بۆ تەئكیدكردنەوەی قوڵایـــی هاوپەیمانییەكەی ئەمەریكاش بوو لەگەڵ توركیا.

بۆیـــە ئەمەریكا لە هەوڵێكـــی چڕدایە بۆ ئـــەوەی توركیا بكاتە ئەندامی یەكێتی ئەورووپا، كە ئەم هەوڵەی ئەمەریكاش رووبەڕووی چەند تەگەرەیەك بووەتەوە.

ئۆباما لە چوارچێوەی سەردانەكەیدا بۆ ئەورووپا داوای لەسەركردەكانی یەكێتـــی ئەورووپا كرد توركیا وەك ئەندامێكی تەواوی ئەو رێكخراوە قبوڵ بكەن، ئەم داوایەشی یەكســـەر لەلایەن فەرەنسا رەتكرایەوە و زۆر بەساردیش لەلایەن ئەڵمانیاوە پێشوازی لێكرا.

ئەو تەگەرانەی كە رێگرن لەبەردەم قبوڵكردنی توركیا لەو رێكخراوەدا خۆی لە نیگەرانی وڵاتانی یەكێتی ئەورووپا، كە ژمارەیان ٢٧وڵاتە دەبینێتەوە، بەتایبەتی لەمەســـەلەی مافی مـــرۆڤ، كە بەدیدی ئـــەو وڵاتانە توركیا لەو بـــوارەدا نەیتوانیوە هەنـــگاوی گەورە لە جێبەجێكردنی چاكسازی بهاوێژێ، ئەمە سەرەڕای كێشەی كۆنی توركیا لەگەڵ قوبرسدا كە ئەندامێكی ئەو یەكێتییە.

بۆیە بۆ چارەسەركردنی ئەو هەموو كێشانە و بۆ ئەوەی توركیا هیچ بیانوویەك نەداتە دەست یەكێتی ئەورووپا تا لەو یەكێتییەدا وەرنەگیرێ، ئۆباما خەریكی دانانی پلانێكە بۆ توركیا تا لە ئایندەدا لەســـەری بڕوات، كە یەكێك لە خاڵەكانی چارەسەركردنی كێشەی كوردە.

ئەگەر بەووردی ســـەیری بڕگەكانی وتارەكەی ئۆباما بكەین لە پەرلەمانـــی توركیادا، لە بڕگەیەكـــدا ئاماژە بەو خاڵە دەكات و دەڵێ: توركیا لە رووی سیاســـییەوە هەندێك چاكسازی سیاسی ئەنجام داوە و دادگای ئاســـایش دەوڵەتی داخستووە و دەستی بە پەخشی كوردی كردووە، بەڵام بۆ ئایندە پێویستە توركیا هەندێ یاسای تریش دەربكات و زیاتر مافی پەروەردە بداتە كورد.

بەقســـەی ئەحمەد تورك كە بۆ ماوەی ٩ خولەك لەگەڵ ئۆباما كۆببووەوە، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا خوازیارە كێشـــەی كورد لە توركیا ببێتە چارەســـەركردن و لەو چارەسەریەشدا پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی وەكو لایەنێك پشتی پێ ببەسترێ.

هەر بەقســـەی ئەحمەد توركیـــش، ئۆباما لـــەو كۆبوونەوەیەدا ئاماژەی بەوەكردبوو كە كێشەی كورد بە رێگەی توندووتیژی و بەكارهێنانی چەك نایەتە چارەسەركردن، بەڵكو لەرێی دیالۆگ و شێوازێكی ئاشتیانە.

بەپێی زانیارییـــەكان لەو كۆبوونەوەیـــەدا ئەحمەد تورك هەندێ پێشنیاری ئاراستەی ئۆباما كرد وەكو دروستكردنی دەسەڵاتێكی خۆیـــی بۆ كورد و راگەیاندنی لێبوردنی گشـــتی بۆ پەكەكە و جێگیركردنی ماف و ئازادییەكانی كورد لە دەستووردا.

هەرچەند ئۆباما لە وتارەكەی لەبەردەم پەرلەمانی توركیادا زۆر توندبـــوو بەرامبەر بە پەكەكە، بەڵام لـــە هەمان كاتدا داوای لە توركیا كرد كە پەرە بـــە پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ هەرێمی كوردســـتاندا بدات، كە ئەمەیش بەرای چاودێران ئاماژەیەكە كە ئەو هەرێمە پێویستە لەلایەن توركیاوە بێتە پاراستن و چارەسەری كێشـــەی كوردیش لە رووی سیاســـی و جوگرافییەوە دیاریكرد و داوای ئەوەشـــی كـــرد كە ئەنقەرە و بەغـــدا و هەولێر لەگەڵ ئەمەریكا هەماهەنگ بن.

هەتا هەندێ لە چاودێرانی تورك پێیان وایە نزیكبوونەوەی توركیا لەگەڵ هەرێمی كوردســـتان و دیدارەكانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردســـتان لەگەڵ عەبدوڵڵا گوڵی سەرۆك كۆماری توركیا لە چوارچێوەی ئەو نەخشەیەی ئۆباما بووە.

دیـــداری ئۆباما لەگـــەڵ ســـەرۆك بارزانی دەكـــرێ بخرێتە چوارچێـــوەی بایەخی ئۆباما بە پێگـــەی كورد لە رۆژهەڵاتی نێویندا، ســـەبارەت بە توركیا و لە وەڵامی پرسیارێكدا دەربارەی كـــوردی توركیا، ئۆباما گوتی: ئێمە لەو مەســـەلەیەدا روون و كراوەیـــن و دژی ئەوەین كە خاكی توركیـــا پارچە پارچە بێت، بـــەڵام ئەوەش گرنگە كە لە توركیا كـــورد ئازاد بێت بۆ ئەوەی لـــە ناو كۆمەڵگەدا پێش بكەوێت و دەرفەتی یەكســـان بۆ كورد بڕەخســـێت، لەوباوەڕەدام سەرۆك وەزیر و سەرۆك كۆماری توركیا بەو مەسەلەیەدا گرێدراون.

لێرەدا نابێ لەسەر ئاخاوتنەكەی ئۆباما لەگەڵ سەرۆك بارزانی پاز بدەین كە دەڵێ: من مێژووی ئەو كارەسات و نەهامەتییانەی كـــە بەســـەر كورددا هاتـــووە دەزانم و لەبیرمە، من هەســـت بە بۆچوونێكی ئیجابی دەكەم لەبەرامبەر ئەو پێشـــكەوتنانەی كە لە هەرێمەكەتاندا بەدەست هاتوون، ئەم پێشكەوتنەشتان ئەنجام و ئاكامی ســـەركردایەتییەكی بەهێزە و هەست دەكەین پێویستە لە پاڵپشتیكردنی ئەو پێشكەوتنانەتان بەردەوام بین.

بۆ ئەوەی توركیا هیچ بیانوویەك نەداتە دەست یەكێتی ئەورووپا تا لەو یەكێتییەدا وەرنەگیرێ، ئۆباما خەریكی دانانی پلانێكە بۆ توركیا تا لە ئایندەدا لەسەری بڕوات، كە یەكێك لە خاڵەكانی چارەسەركردنی كێشەی كوردە

ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا خوازیارە كێشەی كورد لە توركیا ببێتە چارەسەركردن و لەو چارەسەریەشدا پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی وەكو لایەنێك پشتی پێ ببەسترێ

دیداری ئۆباما لەگەڵ سەرۆك بارزانی دەكرێ بخرێتە چوارچێوەی بایەخی ئۆباما بە پێگەی كورد لە رۆژهەڵاتی نێویندا

# سەردانی ئۆباما بۆ عێراق و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی کوردستان



## جێبەجێکردنی دەستوور و پابەندبوون بە عێراقی فیدراڵی، نەخشەی ڕێگەی کشانەوەی بەرپرسیارانە و سەرکەوتنی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**(بە هەمـــوو حکومەتەکانی جیهان و هەموو کەسـێك کە ئێستا دەمانبینن، لە پایتەختە گەورەکانەوە هەتا ئەو گوندە بچووکەی باوکمی تیا لە دایکبووە، دەڵێم، ئەمریکا دۆستی هەمـــوو نەتەوەو پیاوو ئافرەتێك و مند اڵێکە کە هەوڵدەدات ئایندەیەك بەرقەرار بێت، تیایدا ئاشـــتی و کەرامەت باڵی بەسەردا بکێشێت).**

**باراك ئۆباما**


❋❋❋

ســەردانی یەکەمی باراك ئۆباما وەك ٤٤ ەمین سەرۆکی ئەمریکا و دووەمین ســەرۆکی ئەمریکا دوای پرۆســەی ئازادکردنـــی عێـــراق بۆ بەغـــداو کۆبوونـــەوەی بەجیای لەگەڵ ســـەرۆکی کوردســـتان بەئامادەبوونی ســـەرۆکی حکومەتی کوردستان و، شـــاندی یاوەری سەرۆك بارزانی و لەلایەنی ئەمریکیش بـــە ئامادەبوونی ژەنرِاڵ ئۆدیرینۆ و کار هەڵســـورِێنەری باڵیۆزخانـــەی ئەمریکا لە بەغداو بەرِێوەبەری نووســـینگەی تایبەتی ســـەرۆك ئۆباما، بە خاڵی دەستپێکی ئیجابیانە و تێگەیشتنی تەواوی ئیدارەی تـــازەی ئەمریکا لە ســـەقامگیری عێـــراق وئایندەی ئەم ســـەقامگیریە لەسەر ئاستی ئاشتی و ئاسایشی ئیقلمی و نێودەوڵەتـــی لێکدەدرێتەوە،هەروەها بۆ لایەنی کوردیش وەك خاڵی ســـەرەکی وبنەرِەتی بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ و بەشـــداری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هاوبەشی



سەرەکی لە ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەخوێنرێتەوە.

باراك ئۆباما وەك کاندیدی حزبی دیموکراتی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ سەردانی عێراقی کرد، بەڵام سەردانەکەی یەك ئامانجی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو لەسەر ئەرزی واقیعی عێراق گوێ بۆ ژەنەڕاڵ پەتریوس، فەرماندەی پێشووی هێزەچەکدارەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بگرێت، ئەو هاتبوو، بۆ ئەوەی عێراق ببینێت و بزانێت چۆن ئەم وڵاتە کە لەمێژوودا بە وڵاتی ئیدارەی زەحمەت وقورس ناسراوە، چۆن دەتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ؟ چۆن دەتوانرێت بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق رزگار بکات؟ ئەو وەك کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا ( بەڵام کاندیدێك کە رای گشتی ئەمریکا وجیهان مژدەی ئەوەی پێدابوو دەبێتە سەرۆکی ئایندەی ئەمریکا ) ئامانجی ئەوەبوو، لە ١٠٠ رۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی ئیدارەکەی هەنگاوی راست ودروست بۆ کێشەکان هەڵبگرێت، هەربۆیە کۆبوونەوەی بەجیای لەگەڵ سەرۆکی کوردستان وسەرۆکی حکومەتی کوردستان، پێش ئەوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی ئیدارەکەی تەواو بێت، پەیامێکە بە پلەی یەکەم شوێن و پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی عێراقی نوێ و بە پلەی دووەم لە هاوکێشەی گشتگیریی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراست بە جۆرێك



پێناسە دەکاتەوە، کە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، بێجگە لەوەی لە هاوکێشەی عێراقی نوێ تۆخمی سەرەکیە بۆ عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی، لە هاوکێشەی گشتگیریی ئیقلمی و رۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا، ئەو تۆخمە بنەرەتیەیە کە هاریکاری ئاشتی و سەقامگیریە.

**باراک ئۆباما بە جیهانی راگەیاند**

عێراق دەوڵەتێکی فیدرالیە و ناسنامەی دوو نەتەوەی سەرەکیە

سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا، وەك پرۆفیسۆر هنری بارکی لە تازەترین توێژینەوەیدا بە ناونیشانی (رێگرتن لە تەنگژەکان لەسەر کوردستان .. Preventing conflict over Kurdistan)ئاماژەی پێکردووە) بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدرالی و دروستبوونی دەوڵەتێکی فیدرالی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە، وەرچەخانێکی گەورەیە) پرۆفیسۆر باراکی کە بۆ ئەم ژمارەیەی گوڵان و لە راپۆرتێکی دیکەی تایبەت بەسەردانی ئۆباما بۆ تورکیا قسەی بۆ گوڵان کردووە و بێجگە لەوەی راشکاوانە بە گوڵانی راگەیاندووە، لە دیراسەتەکەشیدا کە لە ئامۆژگای کارینجی بڵاویکردۆتەوە و پاشان ئامۆژگای ناوبراو کۆڕێکیشی بە ئامادەبوونی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن بۆ گێڕاوە، هنری بارکی ئەم دروستبوونەی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراق دەگێڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە دەڵێت :

( دروستبوونی دەوڵەتی فیدرالی عێراق مەسەلەیەك نییە تایبەت بێت بە خودی عێراق وبەس- هنری مەبەستی ئەوەیە دروستبوونی دەوڵەتی فیدرالی عێراق سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست -، ئەم دەوڵەتە فیدرالیە بەوجۆرە نییە کە نەزانین ئایندەی چۆن دەبێت،بە ڵکو ئاکامی ئەم دەوڵەتە فیدراڵیە ئاشکرایە، ئەوە گەورەترین بەرەو پێشچوونە هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناو دەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە،ئێستا لە عێراقدا دوو زمانی فەرمی هەیە کە ئەویش زمانی عەرەبی کوردیە،ئێستا عێراق دەوڵەتێکی فیدرالی ناسنامەی دوو نەتەوەیە Bi-national، بۆیە ئەوەی گرنگە بۆ سیاسەتی ئەمریکا _ مەبەستی ئیدارەی تازەی ئۆبامایە_چۆن ئیدارەی ئەم واقیعە تازەیەی عێراق دەدرێت و چۆن لەسەر بنەمای ئەم واقیعە نەخشە بۆ کشانەوەیەکی بەرپرسیارانە دادەرێژرێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدرالی لە عێراقدا،بەتەواوەتی لەگەڵ حکومەتی بەغدا نەچەسپیوە) بارکی کە لەدیراسەکەیدا زۆر بەراشکاوی مەترسی جێبەجێنەکردنی دەستوور و فیدرالیەتی عێراقی خستۆتە روو، ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر فیدڕالیەتی عێراق نەچەسپێت و خواستەکانی هەرێمی کوردستان بە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە کە کەرکوك بەشێکە لەو ناوچانە، چارەسەرنەکرێت، ئەمەش واتە کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی دیکە لە شەنگارەوە



تاخانەقین نەگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان، ئەوا کورد لە هەرێمی کوردستان ناچار دەبێت بیر لە ڕێگە چارەی دیکە بکاتەوە، کە ئەویش بڕیاری سەربەخۆییە، بێگومان کورد لەم مەسەلەیەدا واقیعیانە بیریکردۆتەوە و دەزانێت ئەو بڕیارە بۆ ئەمڕۆی سیاسەتی ئیقلیمی وجیهانی چ کارەساتێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە دوای ئەوەی ماوەی ١١سال لە **١٩٩٢-٢٠٠٣** وەك دیفاکتۆ سەربەخۆبووە، بڕیاریداوە هاوبەشی سەرەکی بێت بۆ بونیادنەوەی عێراق، بەڵام کام عێراق؟ هەڵبەت عێراقێکی نوێ، عێراقێکی پەرلەمانی فرەیی،دیموکراتی وفیدرالی، ئێستا دەستوورێکیش لە عێراقدا هەیە، کە عێراق لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد دەنێتەوە، بۆیە ئەگەر حساب بۆ فیدراڵی و مافەکانی کورد نەکرێت کە لە دەستووری عێراقدا سەلمێنراون،ئەوا چەند کارەسات بەسەر ناوچەکەدا بێت،کورد ناچار دەبێت، بڕیاری سەربەخۆیی بدات، ئەم بڕیارەش چەند بۆ کورد ئایندەی نادیار دروست دەکات، بۆ سیاسەتی ئەمریکاش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارەساتێکی گەورە دروست دەکات.

ئەم حاڵەتە ترسناکەی پرۆفیسۆر هنری بارکی لە دیراسەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، کۆبوونەوەی ئۆباماو بارزانی پیشانیدەدا، کەلەلایەن ئیدارەی تازەی ئەمریکاوە، ئەو مەترسیانە لەبەر چاو گیراوە، لەم کۆبونەوەیەشدا ئەم ڕەهەندانە دەخوێنرێتەوە:

**١-** کۆبوونەوەی ئۆباماو بارزانی بەجیا لە بەغدا، واتە ئیدارەی تازەی ئەمریکا، مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات،وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی کە خاوەنی دووناسنامەی نەتەوەیی سەرەکی کورد وعەرەبە و تەواوی نەتەوەو ئاینەجیاوازەکانی عێراقیشە،ئەمەش ئەو مانایەی هەیە، ناسنامەی تازەی عێراق وڵاتی دوونەتەوەیە Bi-national، نەك عێراق تەنها ناسنامەی عەرەبی بێت و بەشێك بێت لەنەتەوەی عەرەب، نەخێر عێراق نیشتمانی کورد وعەرەبەو توای نەتەوە وئایینە جیاوازەکانە و ئەندامی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامیە.ڕەهەندێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیە ئەوەیە فیدراڵیەت بۆ عێراق تەنها ڕێگە چارەی پێکەوە هێشتنەوەی عێراقە وئەوانەی خەو بە گەڕانەوەی سەنترالیزم بۆ عێراق دەبینن، ئەوانە دژی یەکپارچەیی عێراقن.

**٢-** ئەم ئامانجەی خاڵی یەکەم واتە چەسپاندنی فیدراڵی و مانەوەی ئارەزومەندانەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا،تەنها یەك ڕێگەی هەیە ئەویش جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە وەك ئەوەی گەلانی عێراق بەرێژەی زیاتر لە ٪٨٠ دەنگی پێداوە، واتە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە تەنها میکانیزمە کوردستانیەکان پێی ڕازیبوون بۆ یەکلایکردنەوەی ناوچە دابراوەکان، یان ئەو ناوچانەی ناویان لێناوە ناوچە کێشە لەسەرەکان.

**٣-** کەواتە کۆبوونەوەی بەجیای سەرۆك ئۆباما لەگەڵ سەرۆك بارزانی و بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و نوێنەرانی ئەمریکا لەعێراق، مانای ئەوەیە ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت عێراق، دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، کەتیایدا کورد ئارەزوومەندانە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بە ناسنامەی خۆی بزانێت، ئەم پێڕەوەش بەشێکە

لە سیاسەتی ئیدارەی تازەی ئەمریکا کە هەوڵدەدات بە ڕێزگرتن لە بەهای نەتەوەکان کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکات و ئەمەشی لە گوتاری ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٠ وەك سەرۆکی ٤٤ ەمینی ئەمریکا ئاماژەپێکردووە و دەڵێت( دەبێت ئەوە بەبیرخۆمان بهێنینەوە،کە نەوەکانی پێش خۆمان تەنها بە تانك ورۆکێت ڕووبەڕووی فاشیەت وکۆمۆنیست نەبوونەتەوە،بەڵکو بە هاوپەیمانی وقەناعەتی هەمیشەیی ). ئەگەر ئەم گوتەیە بۆ کێشەکانی عێراق تەرجەمە بکەین و بپرسین ئایا هاوپەیمانی و قەناعەتی هەمیشەیی بۆ مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی چیە؟ بێگومان هاوپەیمانی سەرەکی بریتی دەبێت لە ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقداو، قەناعەتی هەمیشەیش کە ببێتە گەرەنتی بۆ ئەو هاوپەیمانیە، جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە.

لەم چوارچێوەیەدا سەردانی ئۆباما بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، جەختکردنەوەیە لەسەر، ئەو هاوپەیمانی وقەناعەتە هەمیشەییەی کە عێراق بەیەکگرتوویی دەهێڵێتەوە و دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ کشانەوەی بەرپرسانە لەعێراقدا.

## سەرکردە دیموکراتیەکان لەیەکتری تێدەگەن ڕێگەچارەی کێشەکانیان لێ بزر نابێت

لەوانەیە سەرکەوتووترین کۆبوونەوەی سەردانی ئەمجارەی سەرۆك ئۆباما، کۆبونەوەکەی بێت لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، ئەم مەزندەیە، هەڵقوڵاوی ئەو سۆزە نیە کە ئێمە وەك کورد یان کوردستانی لێکدانەوەی بۆ دەکەین، نەخێر ئەم تەفسیرە، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە:

١- لایەنی کوردستانی کەلەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا وتوویژ دەکات و باسی چارەسەر کردنی کێشەکان دەکات، لە هیچ خاڵێکدا دیدوبۆچوونی لایەنی کوردستانی لەگەڵ دیدبۆچوونی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێچەوانە نابێتەوە، لێرەوە ئەگەر ئاماژە بە قسەکانی سەرۆکی کوردستان بکەین کە لە کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما ئاماژەی پێکردووە بریتین لە:

أ- ئێمە وەك ئێوە دوژمنێکمان هەیە ئەویش تیرۆرە.

ب- ئێمەش وەك ئێوە پێمانوایە شەڕی تیرۆر و تیرۆیستان بێجگە لە ڕێگەی بە کارهێنانی هێز وسەربازی، دەکرێت بە ڕێگەی سیاسیش شەڕی تیرۆر وتیرۆستان بکرێت.

ت- ئێمە دەزانین ئەمریکا لە عێراقدا نامێنێتەوە، بەڵام خۆ ناشبێت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، عێراق بکەوێتە دەستی تیرۆریستان.

ث- دەبێت هەموومان ( واتە هەموو پێکهاتەکانی عێراق )بە دەستووری عێراقەوە پابەند بین، ئێمە پابەندین بە دەستووری عێراقەوە.

ج- ناکرێت لە عێراقدا تەنیا لایەنێك حوکم بکات، پێویستە شەراکەتێکی هاوبەش وهاوسەنگ لە بەرێوەبردنی عێراقدا هەبێت،تەنها بە پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە ئەو شەراکەتە هاوبەشەو دیموکراتی لە عێراقدا دروستدەکات و ئەگەر بیربۆچوونی جیاوازیش هەبێت، کە ئاساییە هەبێت، دەبێت سەرەنجام دەستووری عێراق ئەو جیاوازیانە یەکلاییکاتەوە.

ح- بەپێی دەستوور نەوت وغاز موڵکی سەرجەم گەلانی عێراقە وگرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانیش بەپێی دەستووری عێراق گرێدراون.

خ- دەبێت پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان وبەغدا هەن چارەسەر بکرێن.


٢- سەرۆك ئۆباما لە وەڵامی سەرۆك بارزانیدا ئەم قسانەی کردووە:

أ- ئێمەش لە سەربنەمای دەستووری عێراق بڕوامان بە یەکپارچەیی عێراق هەیە و ئێوەش هەمان ئاراستەتان هەیە.

ب- ئێمە لە یارمەتیدانی عێراقیەکان بەردەوام دەبین .

ت- تەئکید لەبەردەوامبوونمان لە یارمەتی وکارکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەمەوە.

ئەگەر لە وتەی هەردوو سەرۆك، بارزانی و ئۆباما ووردبینەوە،دەبینین هیچ کێشەیەك لە عێراقدا نییە، چارەسەرکردنی لەدەرەوەی ئەو دەستوورە بێت کە دەربڕی ئیدارەی عێراقیەکانە، ئەمەش دەقاودەق ئەو ئامانجەیە کە ئۆباما لە دارشتنی سیاسیەتی ئیدارەکەیدا ئاماژەی پێکردووە و لە کۆبونەوەکەشیدا لەگەڵ د.مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت حکومەتی عێراق حکومەتی هاوبەشی عێراقیەکان بێت ولەسەر بنەمای دەستووریش ئەو هاوبەشی وشەراکەتە ڕێکبخرێت، بۆیە گرنگە لە سیاسەتی تازەی ئۆباما بگەین، ئەوانەشی هەوڵدەدەن تەفسیری لابەلای بۆ بکەن و خۆیان لە جێبەجێکردنی دەستوور بدزنەوە و سەنترالیزم بۆ عێراق بگێڕنەوە، دەبێت بزانن، پێشێلکردنی دەستووری عێراق بۆ سیاسیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك هێرشکردنی ژاپۆنە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆسەر پیرل هاربور، کە ئەمریکای ناچار کرد خۆی تێکەڵاوی شەڕێك بکات، کە لەپێشدا لایەنێکی شەڕەکە نەبووە،ئەوەشی لە مێژوو بێ ئاگا نەبێت، لە پیرل هاربەر ئاگادارە و دەشزانێت کە مەسەلەیەك بە پیرل هاربۆر بەراورد بکرێت، ئاکامی پێشێلکردنی بە کوێ دەگات.



## ستیڤن بیدل تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق بۆ گوڵان:

# دیداری بارزانی و ئۆباما مانای ئەوەیە ئەمریکا ڕێز لەڕۆڵی کورد دەگرێت لەعێراقدا

**ستیڤن بیدڵ، گەورە تۆژەری ستراتیژی سەربازی ئەمریکا لەئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، ئەو کەسەیە بۆ یەکەمین جار لەساڵی ٢٠٠٦ بەوتارە بەناوبانگەکەی لە فۆرن ئەفێرز (سەیری بەغدا دەکەین، سایگۆنمان بیردەکەویتەوە ،Seeing Baghdad Thinking Saigon) مەترسـی عێراقی بەهاوشـێوەی ڤێتنام پیشانی ڕای گشتی ئەمریکادا، دوای ئەم وتارە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز میزگردێکی بۆ کۆمەڵێك پسـپۆر ڕێکخست بەناونیشانی: چی بکەین بۆئەوەی عێراق نەبێتە ڤێتنامێکی دیکە؟ هەربۆیە بیدڵ چۆن لەئاگادارکردنەوەی ڕای گشـتی کەسـی یەکە بوو، لەزیادکردنی هێزەکانی ئەمریکاش بۆ عێراق لەپرۆسەی (Surge) یەکەم کەس بوو دەسنیشـانکرا بۆ ڕاوێژکاری ژەنراڵ پەتریوس، ئەمە واتە بیدڵ هاوبەش لەسـەرکەوتنەکانی پەتریوس لەپرۆسەی Surge دا، هەر لەسـاڵی ٢٠٠٦ بیدڵ خەڵاتی باشترین دانەری لەسەر کتیبی (Military Power: Explaining Victory and Defeat in Modern Battle) کەواتە بیدڵ کاتێك لەسـەر سیاسـەتی ئەمریکا لەعێراقدا قسە دەکات لەنزیکەوە ئاگاداری وردەکاریەکانە و پێشـتریش چەند جاری دیکە لەسـەر مەسـەلە هەسـتیارەکان لێدوانی تایبەتی بەگوڵان داوە و ئەمجارەش سەبارەت بەسەردانی ئۆباما بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**• بەڕێزتان وەك کەسێکی نزیك لەدۆسێی عێراق و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق، چۆن سـەیری یەکەم سەردانی ئۆباما بۆ عێراق دەکەن؟**

- من هیوادارم عێراقیەکان ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاو بێت کە ئیدارەی ئەمەریکا بایەخێکی قووڵ دەدات بەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات، کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکانی ئەمەریکا بەو مانایە نایەت ئەمەریکا دەستی لەعێراق هەڵگرتووە یاخود چیتر پشـتگوێی دەخات، بەپێچەوانەوە، عێراق پێگەیەکی گرنگی هەیە و جێی بایەخپێدانە. ئەمەش یەکەم سەردانی ئۆبامایە بۆ عێراق وەك سەرۆکی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی

پێشتر وەك پاڵێوراو سەردانی عێراقی کردووە و لەگەڵ ژەنراڵ پەتریۆسدا کۆبونەوەی کردووە، من پێموایە ئەم سەردانە ئاماژەی ئەوەیە ئیدارەی ئۆباما خوازیاری سەرکەوتنی عێراق و بەردەوامبوونی ئەم وڵاتەیە وەك وڵاتێکی خاوەن سەروەری کە پشت بەخۆی ببەستێت و خۆی بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکە بگرێتە ئەستۆ، هەمو ئەمانە ئاماژەن کە ئۆباما بایەخ بەئایندەی ئەم وڵاتە دەدا و ئومێدەوارە ئەمەریکا یارمەتیدەر و کاریگەر بێت لەم وڵاتەدا.

**• کۆبونەوەی ئۆباما لەگەڵ هەردوو بەڕێزان مەسعود بارزانی و نیچیرڤان بارزانی نیشانەی ئەوەن ئۆباما پشتگیری لەفیدراڵیەتی عێراق و جێبەجێکردنی دەستووری ئەم وڵاتە دەدا، چۆن کۆبونەوەی ئۆباما لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا دەخوێنێتەوە؟**

- من پێموایە هەمو ئەمەریکیەکان تەقدیری ئەو ڕۆڵە دەکەن کە کوردەکان وەك سەرچاوەی سەقامگیری بینیویانە لەعێراقدا و کوردستانێکی پڕ لەئاشتی و گەشەکردوو لەچەند ڕوویەکەوە وەك مۆدێلێك لێی دەڕوانرێت بۆ تێکڕایی بەشەکانی دیکەی عێراق. تەحەدداکە ئەوەیە چۆن عێراق بەردەوام بێت لەبەرەوپێشچوون لەکاتێکدا ڕێز لەبەرژەوەندیەکانی تێکڕایی پێکهاتەکانی وڵاتەکە بگیرێت.

**• سەرۆك ئۆباما داوای لەسەرۆك وەزیرانی عێراق مالیکی کردوە کە دەبێت تێکڕایی پێکهاتەکانی وڵاتەکە لەحکومەتی عێراقدا بەشداری بکەن، ئایا ئەمە پەیامێك نەبوو بۆ پشتگیری کردن لەئاشتبوونەوەی نیشتمانی و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق؟**

- بەدڵنیاییەوە دەکرێت بەمشێوەیە لێکبدرێتەوە.

**• سیاسەتی ئۆباما جەخت لەسەر پشتبەستن بە "هێزی نەرم" دەکاتەوە، واتە کولتوور و دیبلۆماسییەت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك پێشبینی ئەوە دەکەیت ئەم سیاسەتە سەرکەوتوو بێت؟**

- من ئومێد بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە دەخوازم، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبیر نەچێت کە دەبێت بەکارهێنانی هێزی نەرم هاوشان بێت بەپاراستنی ئاسایش لە لایەن سوپاوە، من پێموایە خستنەگەڕی هێزی نەرم جیاوازی دروست دەکات، بەڵام لەحاڵی حازردا و لەبارودۆخی عێراقدا ئەمە تەنها یەکێکە لە ڕەگەزە پێویستەکان نەك تێکڕایی پێداویستیەکانی سەرکەوتن.

**• زۆرێك لەچاودێران پێیانوابوو ئۆباما دووبارە سیاسەتی ئەمەریکا پۆلێن دەکاتەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەچەشنێك چیتر عێراق ئەولەویەتی ژمارە یەك نایێت،**



**پێتوایە عێراق چ پێگەیەکی لەسیاسەتی ئیدارەی ئۆبامادا داگیرکردووە؟**

- لەو باوەڕەدام ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لەو ڕاستیە تێدەگات کە گەورەترین تەحەددا لەناوچەکەدا ئەوەیە جارێکی دیکە عێراق نەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٦، بەپێی تێڕوانینی شەخسی من، ئەمە گرنگترین بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، من باوەڕم وایە ئیدارەی ئەمەریکاش لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا هاوڕایە. هەروەها پێموایە لەگەڵ کەمبوونەوەی ئەگەری سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیدا، مەسەلەکانی دیکەش تاڕادەیەك بایەخ و گرنگیان زیاتر دەبێت بەبەراورد بە ڕابردو، وەك ناکۆکی نێوان ئیسرائیل-فەلەستین و پەیوەندی ئەمەریکا بەوڵاتانی دیکەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، تا ماوەیەکی دوور و درێژ، سەقامگیری عێراق وەك گرنگترین مەسەلە دەمێنێتەوە.

*** پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل و فەڵەستینیش لەئاڵۆزترین قۆناخدایە، چۆن مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دوو پرۆسەیە سەرکەوتوو دەبن؟**

●●●
**کوردستانێکی پڕ لەئاشتی و گەشەکردوو لەچەند ڕوویەکەوە وەک مۆدێلێک لێی دەڕوانرێت بۆ تێکڕایی بەشەکانی دیکەی عێراق**
●●●

●●●
**گەورەترین تەحەددا ئەوەیە جارێکی دیکە عێراق نەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٦، ئەمەش گرنگترین بەرژەوەندی ئەمەریکایە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**
●●●

هەیە، لەبواری دیبلۆماسیدا تەحەدداکە ئەوەیە چۆن پەرە بەبەرژەوەندیە هاوبەشەکان بدرێت و کاریگەری بەرژەوەندیە ناکۆکەکان کەم بکرێتەوە. حاڵی حازر لەعێراقدا ئەمەریکا و ئێران و خودی عێراق خۆی بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە پشێوی و توندوتیژی لەعێراقدا روونەداتەوە، چونکە ئەمە لەبەرژەوەندی هیچ لایەك لەم سێ لایەنەدا نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەوڵە دیبلۆماسیەکان ئەم سێ وڵاتە دەگەیەننە ئەو حاڵەتەی درك بەم راستیە بکەن بۆ ئەوەی ئەگەری رێککەوتن لەنێوانیاندا دروست بێت، کە من پێموایە لەماوەی رابردودا زۆر سەرکەوتوو نەبووینە لەم رووەوە و هیوادارم ئیدارەی ئۆباما تێیدا سەرکەوتوو بێت.

*** تا چ رادەیەك بایەخدانی ئیدارەکەی ئۆباما بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری دەبێت لەسەر رەوشی ئەفغانستان؟**

- من پێموایە پەیوەندیەکی گرنگ هەیە لەنێوان سیاسەتی ئەمەریکا لەئەفغانستان و سیاسەتی ئەمەریکا لەعێراقدا، ئەمەریکا پێویستی بە سەقامگیرکردنی ئەفغانستان هەیە و بۆ ئەمەش پێویستی بە هێزی زیاتر هەیە، ئێمەش ئەم هێزەمان نییە ئەگەر لە عێراقدا جێگیربکرێت. هەروەها من پێموایە بەچەشنی عێراق، ئێران و ئەمەریکا چەند بەرژەوەندیەکی هاوبەشی گرنگیان هەیە لەئەفغانستاندا، هەردوو وڵات خوازیاری ئەوەنین پشێوی لەو وڵاتەدا هەبێت و ئەلقاعیدە حکومڕان بێت، رەنگە ئەمەش دەرفەت دروست بکات بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەك بەرهەمدار لەنێوانیاندا.

*** ئایا جیاوازی نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی بۆشدا هەیە لە پەیوەندیدا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟**

- سیاسەتی ئیدارەی بوش ئەوەبوو کە ئەنجامدانی گفتوگۆی لەگەڵ هەر لایەن و وڵاتێکدا بە خەڵاتێك دەزانی بۆ ئەو لایەن و وڵاتە، واتە پێویست بوو سەرەتا سازش بکرێت بۆ ئەوەی شایستەی ئەوەبێت ئەمەریکا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، ئەمەش مانای دانانی پێش مەرج بوو، بەڵام ئیدارەی ئۆباما ئەنجامدانی گفتوگۆ بەخەڵات نازانێت، بەڵکو بەپێویستیەکی دەزانێت بۆ هێنانەدی تێگەیشتنێك هاوبەش لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندیە هاوبەشەکاندا.

**• دوا وتەت چیە؟**

منیش وەك زۆربەی ئەمەریکیەکان سوپاسگوزارم بۆ رۆڵی کوردەکان لەیارمەتیدانیان لەچەسپاندنی سەقامگیری عێراق و هیوادارام ناکۆکی جار بەجاری کوردەکان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا لەسەر کێشەیەکی وەك کەرکوك ئاشتیانە چارەسەربکرێت، چونکە منیش وەك زۆربەی ئەمەریکیەکان خوازیاری ئەوە نیم دووبارە عێراق بۆ دۆخی توندوتیژی بگەڕێتەوە.



- من شەخسی خۆم رەشبینم بەوەی بتوانرێت لەماوەیەکی نزیکدا بەرەوپێشچوونێکی زۆر لەپرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا بەدەست بهێنرێت. دەبێت ئیدارەی ئۆباما کۆششی سەخت بکات بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان، هەرچەندە من لەو باوەڕەدام ئەگەرەکانی بەرەوپێشچوون تا ماوەیەکی دوورودرێژیش لەم رووەوە سنووردارن، لەم رووەوە ئەگەری رێککەوتنی نێوان سوریا و ئیسرائیل زیاترە وەك لەرێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەوڵ و کۆششەکان بە هەردوو ئاراستەدا بخرێنەگەڕ.

*** تۆ وەك کەسێکی شارەزا لەوردەکاریەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق و ئێران و کەسێکی ستراتیژزان، ئایا چۆن سەیری بانگەشەی سەرۆك ئۆباما دەکەیت بۆ دیالۆگ لەگەڵ ئێراندا؟**

- لەڕوانگەوی منەوە دەکرێت بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا بدۆزرێتەوە، بەچەشنی پەیوەندی نێوان هەر دوو وڵاتێك، بواری دۆزینەوەی بەرژەوەندی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا، هەروەك چۆن چەندین بەرژەوەندی ناکۆکیشیان

•••
**سیاسەتی ئیدارەی بوش ئەوەبوو کە ئەنجامدانی گفتوگۆی لەگەڵ هەر لایەن و وڵاتێکدا بەخەڵاتێک دەزانی بۆ ئەو لایەن و وڵاتە، واتە پێویست بوو سەرەتا سازش بکرێت بۆ ئەوەی شایستەی ئەوەبێت ئەمەریکا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات**
•••

•••
**کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکانی ئەمەریکا بەو مانایە نایەت ئەمەریکا دەستی لەعێراق هەڵگرتووە یاخود چیتر پشتگوێی دەخات، بە پێچەوانەوە، عێراق پێگەیەکی گرنگی هەیە و جێی بایەخپێدانە**
•••



پێموایە دەبێت زۆر بە وریایی و بەئارامگرتنەوە ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق جێبەجێ بکرێت، لەو باوەڕەدام ئۆباما بەدوای باشترین ڕێگادا دەگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بەچەشنێک بەرژەوەندی هەموولایەک بپارێزێت

## دێڤید فیلیپس ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# دیداری نێوان بارزانی و ئۆباما ئەوەی دووپاتکردووە، ئەمریکا هەر سیاسەتێک پیادەبکات، دەبێت ڕۆڵی کورد لەبەرچاو بگرێت

**پرۆفیسۆر داڤید فلیپس سەرۆکی سەنتەری (Center for Preventive Action) لەئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە و تۆژەر لەسەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لەزانکۆی هارڤارد و یەکێکە لەتۆژەرەکانی دیراساتی کوردیش لەسەنتەری ئاشتی بۆ جیهان لەزانکۆی ئەمریکا و پێشترش ڕاوێژکاری کاروباری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بووە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. پرۆفیسۆر فلیپس نووسەری ڕاپۆرتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لەعێراقدا(power sharing in Iraq) ئەم ڕاپۆرتە پیش دارشتنی دەستووری عێراق لەسەنتەری ئاشتی بۆ جیهان و لەکۆنفراسی کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە پێشکەشکراوە، بەرێز داڤید فلیبس لەنزیکەوە لەسەردۆسێی کورد و کێشەی کەرکوک کاردەکات و ساڵی پار لە ڕۆژانی ٩-٢٠٠٨/٥/١١ یەکێك بووە لە بەشداربووانی کونفراسی ئایندەی کەرکوك لەناو کۆنگرێسی ئەمریکا، هەربۆیە سەبارەت بەسەردانی ئۆباما بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی وسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیمان پێوەکردو، بەرێزی بە سوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** تا چ ڕاددەیەك سەردانی ئۆباما بۆ عێراق ئەوە پیشاندەدات کە عێراق ئەولەویەتی ئیدارەی ئەمەریکایە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- بەدڵنیاییەوە عێراق ئەولەویەتی سەرەکی دەبێت نەك تەنها لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لەتەواوی جیهانیشدا، واتە لەکاتێکدا ئەمەریکا تەرکیز لەسەر ئەفغانستان دەکات، مانای ئەوەنیە ئەمەریکا گرنگی و بایەخ بەعێراق نادات و سەرچاوە و تواناکانی بۆ چەسپاندنی سەقامیری لەعێراقدا ناخاتەگەڕ.

*** ئەمە یەکەم سەردانی ئۆبامایە بۆ عێراق وەك سەرۆکی**

**ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئۆباما خوازیاری سەرکەوتنی عێراقە و ئایا ئەمە تا چ رادەیەك لەبەرژەوەندی کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لەعێراقدا؟**

- ئەمەریکا پابەندە بە عێراقێکی یەکگرتوو و ئازادەوە، دانانی خشتەیەك بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بەو مانایە نایەت کە گرنگی جێهێشتنی عێراقێك کە بەرپرسیاریێتی پاراستنی ئاسایشی ولآتەکە بگرێتە ئەستۆ و سەرکەوتووانە کاروبارەکانی بەرێوەببات لەبەرچاو ناگیرێت.

*** کۆبونەوەی ئۆباما لەگەڵ هەردو بەرێزان مەسعود بارزانی و نیچیرڤان بارزانی نیشانەی ئەوەن ئۆباما پشتگیری لەفیدراڵیەتی عێراق و جێبەجێکردنی دەستوری ئەم ولآتە دەدا، چۆن کۆبونەوەی ئۆباما لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا دەخوێنێتەوە، ئایا گەشبینیت بەیارمەتیدانی ئۆباما بۆ کوردەکان و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک؟**

- ئەوە کۆبونەوەیەکی ئیجابی بوو، ئەوەی خستەڕوو کە سەرکردە کوردەکان سەرکردەگەلێکی ڕێزلێگیراون و هەر سیاسەتێك لە عێراقدا پیادە بکرێت لەلایەن ئەمەریکا پێویستی کوردەکان لەبەرچاو دەگرێت. تێڕوانینی من ئەوەیە ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پابەندە بە جێگیرکردنی سیستمێکی دیموکراسی و فیدراڵی لە عێراقدا، کە پێموایە ئەمە باشترین ڕێگاچارەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کوردەکان، من پێموایە دەبێت زۆر بە وریایی و بەئارامگرتنەوە ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق جێبەجێ بکرێت، من لەو باوەڕەدام ئۆباما بەدوای باشترین ڕێگادا دەگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بە چەشنێك بەرژەوەندی هەمولایەك بپارێزێت.

*** سەرۆك ئۆباما داوای لە سەرۆك وەزیرانی عێراق مالیکی کردوە کە دەبێت تێکرای پێکهاتەکانی ولآتەکە لە حکومەتی عێراقدا بەشداری بکەن، ئایا ئەمە پەیامێك نەبوو بۆ پشتگیری کردن لەئاشتبونەوەی نیشتمانی و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق؟**

- دەستووری عێراق سیغەیەکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و ئاشتبونەوەی نیشتیمانی، تاکە ڕێگای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن لە عێراقدا ئەوەیە بەرژەوەندی تێکرای گروپەکانی ولآتەکە لەبەرچاو بگیرێت.

*** سەرکەوتن لەعێراقدا فشاری سەر ئیدارەی ئۆباما کەم دەکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا چ رادەیەك ئۆباما بایەخ بە عێراق دەدات، وەك چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە بچوکەکان؟**

- عێراق ئەولەویەتی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئۆباما دەبێت و من دڵنیام ئۆباما سەرچاوەی پێویست و هێزی دیبلۆماسی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی عێراق سەرکەوتوبێت و بەرژەوەندی کوردەکان ڕەچاو بکرێت.

*** تا چەند ئۆباما پێشنیارەکەی بەرێز بایدن دەکاتە بناخەیەك بۆ سیاسەتەکانی لە عێراقدا؟**

- پێشنیارەکەی بایدن بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە رێی چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراتی و فیدراڵیەوە تا ئێستا تۆکمەترین پێشنیارە و لە تێکرای پێشنیارەکانی دیکە زیاتر میسداقیەتی هەیە.

*** ناکۆکی ئیسرائیل-فەلەستین و سوریا لەئەجێندای سیاسەتی ئەمەریکا دەبن لەئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام سوریا هاوپەیمانی ئێرانە و پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستینیش لەئاڵۆزترین قۆناغدایە، چۆن ئەم دو پرۆسەیە سەرکەوتوو دەبن؟**

- لەرێی دیبلۆماسیەتێکی ژیرانە کە سەرۆك ئۆباما و وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی و لەرێی نێردراوە تایبەتیەکەوە جێبەجێ دەکات.

*** هەوڵەکانی بۆ ئۆباما بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بەشکستی سیاسەتی ئیحتیواکردن لێکدەدرێتەوە کە تێیدا ئیدارەی نوێ هەوڵی دۆزینەوەی بەرژەوەندی هاوبەش دەدات لەگەڵ ئێراندا، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- دەرفەتەکانی کارکردنی ئێران و ئەمەریکا پێکەوە ئەو کاتە زیاتر دەبێت کە بەرژەوەندی نەتەوەییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئێراندا لێك نزیك بن، بۆ درککردن بەنزیکی بەرژەوەندیەکان لەیەکەوە پێویستمان بەدانوستاندن دەبێت، ئۆباما وەك پاڵێوراویش جەختی لەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆ کردەوە و هەر لەیەکەم هەفتەی دەستبەکاربونیدا وەك سەرۆکی ئەمەریکا دووپاتی گرنگی نزیکبوونەوەی لە ئێران و جیهانی ئیسلامی کردەوە بۆ هێنانەدی تێگەیشتنێکی باشتر و ئاشتبونەوە و ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان.

*** تا چ رادەیەك بایەخدانی ئیدارەکەی ئۆباما بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوشی ئەفغانستان؟**

- بەرژەوەندیەکانی نێوان ئەم دوو ناوچەیە زۆر پەیوەستن بەیەکەوە، ئەمە پێویستی بەسەرکردایەتیەکی لێبڕاو و خاوەن میسداقیەت هەیە، ئۆباما توانا و لێهاتووی خۆی بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم ئەرکە پیشانداوە، هەروەها ئامادەی بۆ گوێگرتن و لەبەرچاوگرتنی ڕاوبۆچونەکانیش پیشانداوە.

*** ئایا جیاوازی نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی بۆشدا هەیە لەپەیوەندیدا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟**

سیاسەتی ئۆباما پشت بەڕاوێژکردن و هاوکاریکردن دەبەستێت لەکاتێکدا ئیدارەی بوش پشتی بەڕووبەڕووبونەوە و ناکۆکی دەبەست.

**پێشنیارەکەی بایدن بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەڕێی چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراتی و فیدراڵیەوە تائێستا تۆکمەترین پێشنیارە و میسداقیەتی لەتێکرایی پێشنیارەکانی دیکە زیاترە**

**سیاسەتی ئۆباما پشت بەڕاوێژکردن و هاوکاریکردن دەبەستێت لەکاتێکدا ئیدارەی بوش پشتی بەڕووبەڕووبونەوە و ناکۆکی دەبەست**



# حکومەتێک نەتەوەیەک ڕێکدەخاتەوە

لەوانەیە جیاوازی نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆكی حكومەتی كوردستان لەگەڵ سەرۆكی هەرحكومەتێكی دیكەی ناوچەكە و جیهانیش لەو خاڵەوە سەرچاوە بگرێت، كە پێناسەی نێچیرڤان بۆ حكومەتی كوردستان جیاواز بێت، لەهەموو پێناسەكانی دیكە كە سەركردەكانی دیكە بۆ حكومەتی دەكەن.هەربۆیە تا لە پێناسەی چەمكی حكومەت لە دیدی نێچیرڤان بارزانیدا نەگەین، ناتوانین وەك پێویست هەنگاوەكانیشی بۆ ئێستا وئایندە هەڵبسەنگێنین، بێگومان كە دەڵێین حكومەتیش مەبەست ئەوە نییە دامەزراوەكانی دیكە بێ بایەخبكەین، نەخێر مەبەست ئەوەنیە، بەڵكو لەبەر ئەوەیە حكومەت دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی یاساكانی پەرلەمانی كوردستان پیادە دەكات و ناوخۆ و دەرەوەش لە میانەی پیادەكردنی ئەو یاسایانە و ڕاپەراندنی كارەكانی حكومەت لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسایانە سەیری شێوازی حكومرانی كوردستان دەكەن، هەربۆیە ئەگەر حكومەت چالاك نەبێت و بەشێوەیەكی ڕاستەقینە یاساكانی پەرلەمانەكەی خۆی جێبەجێ نەكات، ئەوا یاساكان چەند بەهێز وكاریگەر بن ئەو ڕەنگدانەوەیە دروست ناكات.

كەواتە كەلەسەر ڕۆڵی حكومەت هەڵوەستە دەكەین، مەبەست ئەو پێوەندیە ڕاستەوخۆیەی حكومەتە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی و لەگەڵ حكومەتی فیدرالی بەغدا و لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی و جیهانیشدا،لێرەوە دەبێت بزانین ئەم حكومەتە واتە دەربڕی ئیرادەی نەتەوەیەك كە بەدرێژایی مێژوو چوار چێوەیەك نەبووە ئیرادەكەی بەشێوەیەكی ڕێكوپێك پیشانی دەوروبەرو جیهان بدات، بۆیە كە دەڵێین لە بیركردنەوەی نێچیرڤان بارزانیدا مانای حكومەتی هەرێمی كوردستان جیاوازی هەیە لەگەڵ هەر حكومەتێكی دیكە، ئەوا دەبێت بە چەند خاڵێك دەستنیشانی بكەین:

١- ئەوە ئەمری واقیعە نەتەوەی كورد لە هەر چوار پارچەی كوردستان، بێجگە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان شتێكی دیكەی نییە،كە حكومەتێكی لۆكاڵە لە چوارچێوەی وڵاتێكدا كە هێشتا بە تەواوەتی سیستەمی فیدراڵی بەتەواوەتی نەچەسپیوە.ئەمە مانای ئەوەیە حكومەتی كوردستان هاوتای هەموو دەوڵەتە ئیگلیزی زمانەكانە كە پێكەوە دەبنە دەربڕی مێژووی نەتەوەی ئینگلیز، هاوتای هەموو دەوڵەتە فرانكفۆنەكانە كە پێكەوە دەبنە دەربڕی ئیرادەی نەتەوەی فەرەنسا، حكومەتی كوردستان هاوتای دەوڵەتی ئێرانە كە دەبێتە دەربڕی ئیرادەی نەتەوەی فارس، هاوتای هەموو ئەو دەوڵەتانەیە كە خۆیان لەسەر نەتەوەی تورك حساب دەكەن وپێكەوە دەبنە دەربڕی ئیرادەی نەتەوەی تورك لە جیهاندا. لێرەدا دوای لێبوردن لەو یاسا ناسانە دەكەین كە ڕەخنەی

ئەوەمان لێبگرن، حکومەتێکی لۆکاڵ، بەدەوڵەتان بەراورد دەکەین، راستە حکومەت بە دەوڵەت بەراورد ناکرێت، بەڵام لەبەرامبەر هەموو نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکانی ئەم جیهانە نەتەوەی کورد بێجگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەیەکی یاسایی دیکەی نییە کە بتوانێت ناسنامەی خۆی تیا بدۆزێتەوە.

٢- نێچیرڤان بارزانی هەوڵدەدات، ئەم قەوارە بچکۆلەیە کە ئەرکی ناساندنی ئیرادەی نەتەوەیەکی بە مرۆڤایەتی لەسەرشانی خۆی هەڵگرتووە، لە ناو ئازادی و بە پاراستنی ئازادیەکان بە جیهانی بناسێتەوە.

٣- نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت لەرێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە هەموو جیهان بڵێت، کورد گرفتی لەگەڵ هیچ شارستانیەتێك نییە و، کورد دیموکراتی وەك دوایین پێگەیشتنی ئەقلی مرۆڤایەتی بۆ حکومڕانی سەیر دەکات و جیاواز لە هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، گرفتی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی لەگەڵ دیموکراتی و پیادەکردنی دیموکراتی نییە،بۆیە ئەگەر ئەم ئەزموونە سەرکەوتوو بێت، جیهان وەك سەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوەی کورد سەیری دەکەن و، شکستیش بهێنێت، وەك شکست و بێ توانایی نەتەوەی کورد بۆ حکومڕانی سەیری دەکەن.

**تا لە پێناسەی چەمکی حکومەت لە دیدی نێچیرڤان بارزانیدا نەگەین، ناتوانین وەک پێویست هەنگاوەکانیشی بۆ ئێستا وئایندە هەڵبسەنگێنین**

٤- نێچیرڤان بارزانی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ئیرادەی کپکراوی سەدان ساڵەی تەنها ئەو بەشەی کوردستان لە ناو ئازادیدا خۆی بدۆزێتەوە و بە شێوەیەکی سروشتی چوارچێوەیەکی بۆ دروستبکرێت، ئەوا لەماوەیەکی کورتدا،دەتوانێت موعجیزە دروست بکات.بەڵام ئەم ئیرادەیە چۆن دەتوانرێت ئەو موعجیزەیەی لێ بەهەم بهێنرێت، بێگومان دەبێت زەمینە سازی بۆ بکرێت، لای نێچیرڤان بارزانی هەنگاوەکانی زەمینەسازی بۆ بەگەرخستنی ئەم ئیرادەیە بەمجۆرە دەست پێدەکات:

أ- گەورەترین هەنگاو بۆ رەخساندنی ئەم زەمینەیە، یەکریزی نێومالی هەرێمی کوردستانە و ئاستی بەرزی متمانەیە لە ناو پارتە سیاسیەکان ولە نێو نەتەوە وئایینە جیاوازەکانی کوردستان، بێگومان کەم سەرکردە نەك سەرکردەی ئاسایی بە ڵکو سەرکردەی کاریزمایش نەیتوانیوە رێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆی بەبێ سانسۆر خستنە سەر ئازادی ئەنجامبدات، هەر بۆنموونە گاندی کە بەگەورەترین سەرکردەی ئاشتی خوازی جیهانی دەزانێت نەیتوانی ریزەکانی گەلی هیندستان رێکبخاتەوە، بۆیە پارێزگاریکردن بە ئاشتی و یەکریزی نێو ماڵی کوردستان مەسەلەیەکە دەکەوێتە سەروو هەموو مەسەلەیەکەوە، نێچیرڤان بارزانی لەبەر ئەوەی ئەو هەنگاوەی کردووە بە ئەولەویەت دەبینین، ئاستی بەرزی متمانە لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و نەتەوە وئایینە جیاوازەکانی کوردستان دروستبۆتەوە، بنەمای دروستکردنەوەی ئەم متمانەیەش ئازادیە.

**راستە حکومەت بە دەوڵەت بەراورد ناکرێت، بەڵام لەبەرامبەر هەموو نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکانی ئەم جیهانە نەتەوەی کورد بێجگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەیەکی یاسایی دیکەی نییە کە بتوانێت ناسنامەی خۆی تیا بدۆزێتەوە**

ب- ئەو دامەزراوانەی لەسەر بنەمای ئەم ئاشتی و یەکریزیە بونیاد دەنرێن، جیهان وەك ئیرادەی نەتەوەیەك سەیری دەکات، کەواتە دەبێت ئامانجی ئەم دامەزراوانە بونیادی دیموکراتی بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزاروەکانی بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە بونیاد دەنێت،لەم خاڵەوە نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت بەجوانترین شێوە ئیرادەی نەتەوەکەی پیشانی نەتەوەکەی بدات، نەتەوەیەکیش ئیرادەی بونیادی دیموکراتی نەبێت، جیهانی ئەمرۆ ئامادە نییە وەك نەتەوە پێناسەی بکات.

ت- حکومەتی دیموکراتی بۆ ئەوەی بتوانێت،هەنگاو بۆ حکومرانی باش و خۆشگوزەرانی هاوولاتیانی هەڵبگرێت، دەبێت هەوڵ بدات دامەزراوەکان سەروەری یاسا لە وڵاتدا پتەو بکات و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ لە کوردستان دابمەزرێنێت. نێچیرڤان بارزانی بروای بەوەیە دەبێت یاسا پاسەوانی ئازادی تاك و موڵکایەتی تاك بێت، بۆئەوەی لەکوردستان ئەو چینە ناوەندە دروست بێت کە بتوانێت کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت هەڵبسورێنێت، سەرمایە یاسا هەڵیبسورێنێت، نەك مەزاجی سەرمایەدار و بزنسمان.

ث- نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت، شەفافیەت ببێتە نەریتێك لە کۆمەڵگەی کوردستان، دەیەوێت میدیای ئازاد چاوەرێی ئەوە نەبێت مۆڵەت لە بەرپرسێك وەربگرێت، بۆئەوەی زانیاری دەستبکەوێت، ئەو دەیەوێت رۆژنامەنووس لە نووسینگەی کارەکەی هەموو زانیاریە پێداویستەکانی حکومەتی لەبەردەستدا بێت،بەڵام گرنگ ئەوەیە تێبگەین چۆن ئەم میکانیزمە دروستدەکرێت، گرنگە بزانین، چۆن دەتوانین لە وڵاتێکدا ئەم سیستمە دروست بکەین، کە هەتا ئێستا ئەکادیمیەکانی لەسەر تۆری ئینتەرنێت ( CV) خۆی نییە، بۆیە کاتێك بەرێز سەرۆکی حکومەت لەبەردەم پەرلەماندا دەڵێت ئێمە کۆمپانیایەکی ئەمریکیمان بانکردووە هاوکاریمان بکات بۆ دروستکردنی شەفافییەت وکەمکردنەوەی گەندەڵی، ئاسیاییە مامۆستای یەکێ لە زانکۆکانی کوردستان لە سەکۆی رادیۆ یان تەلەفزیۆنێکەوە بڵێت، ئێمە کۆمپانیامان بۆچیە بۆ ئەوەی فێرمان بکات شەفافیەت دروست بکەین، شەفافیەت چ پەیوەندی بە کۆمپانیاوە هەیە،بەڵێ ئەمە بیرکردنەوەی نێچیرڤان بارزانییە لە وڵاتێکدا، ٪٩٠ی ئەکادیمیەکانی (CV) لەسەر ئەنتەرنێت نییە، ئەو بیر لەوە دەکاتەوە چۆن حکومەتی ئەلکترۆنی لە کوردستاندا بونیاد بنێت، سەرۆکی حکومەتێك بەو جۆرە بیر لە ئیرادەی گەلەکەی بکاتەوە کە توانای هەیە بیر لە حکومەتی ئەلکترۆنی بکاتەوە، حەتمەن بیرکردنەوەی بۆ حکومەت جیاواز دەبێت.

## حکومەتێکی لۆکاڵ
## خاوەن سەروەری وەک دیفاکتۆ

خاڵیکی دیکەی ئیجابی رەنگدانەوەی بەرنامەی نێچیرڤان بارزانی ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی لۆکاڵە و بەرپرسیارێتی پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەولەتیەکانی لەسەر شان نییە، بەڵام جیهان و دەوربەریش لە زۆر پرسی

تایبەت بە سەروەری نیشتمان و بە پارێزگاریکردن بە پرانسیپی دراوسێیەتی،راستەخۆ لەسەر بنەمای پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، لای هەموو جیهان ئاشکرایە کە حکومەتی کوردستان لە بۆشایی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیشدا ئەو مافەی بە خۆی نەداوە دەسەڵاتە تایبەتیەکانی حکومەتی فیدراڵی پیادە بکات، بەڵام دەوڵەتێکی وەك تورکیا یان ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان لەگەڵ حکومەتی کوردستان وتووێژو دانوستاندن دەکات، لەو کاتەی دەوڵەتی تورکیا هەڕەشەی هاتنە ناوەی بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرد، عێراق وەك دەوڵەت هەڵوێستێکی پێویستی نەبوو.هەربۆیە زۆر لە رۆژنامەنووسەکانی تورکیا لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکانی تورکیا حکومەت ودەوڵەتی خۆیان ئاگادار کردەوە، ئەگەر مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشەکەیە دەبێت راستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وتووێژ بکەن، کە هاتنە قەناعەتیش لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وتووێژ بکەن، بینیمان چۆن ئاراستەی کێشەکان لە چارەسەری سەربازییەوە بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەر ی ئاشتیانە وەرچەرخا.

ئەمە بەرەنجامی هەنگاو راست ودروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە،کە سەرۆکێکی کارێزما وەك باراك ئۆباما راشکاوانە بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە دەڵێت، ئێمە بەردەوام دەبین راستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکەین.

## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا

لەوانەیە لە جێگەی خۆیدا بێت ئەگەر بڵێین، ئەو شێوازەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بەراشکاوی و شەفافانە قسەی کرد، شێوازێکی نامۆ بێت بۆ پەرلەمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە پەرلەمانی تورکیا وئیسرائیلیشەوە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی نێچیرڤان بارزانی وتارێکی هەستبزوێنی نەتەوەیی پێشکەش کردبێت، نەخێر ئامادەباشی خۆی و حکومەتەکەی پیشاندا کە ئامادەیە ئەوەی پەرلەمان داوای دەکات بە شەفافانە بیخاتە بەردەستی پەرلەمانتاران و ئامادەباشی دەربڕی کە ئامادەیە بۆ موسائەلە بێتەوە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی پەرلەمانتاران بداتەوە، جوانترین خاڵ لەو دانیشتنەی پەرلەماندا کەبەڕێزی ئاماژەی پێکرد،مەسەلەی شەفافیەت بوو لەو کۆنتراکتانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرهێنانی نەوت لە هەرێمدا گرێیداون. ئەویش ئەو وەڵامە بوو کە زۆر شەفافانە گوتی : (وەك سەرۆك وەزیران حەزدەکەم ئێوە پشت راست بن، ئەو کارەی کردوومانە زەحمەت وهەستیارە وئەگەر کەمترین گەندەڵی تیدابێت،ناتوانین بە شێوەیەکی پشت راست لەگەڵ بەغدا قسەبکەین)کەواتە ئەمە مانای حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بیری نێچیرڤان بارزانیدا، نابێت گەندەڵی



بکرێتچونکە ئەوکاتە مسداقیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نامێنێت، لەبەر ئەوەی دەربڕی ئیرادەی گەلی کوردستان ناشیرین دەبێت. کەواتە سەرۆکی حکومەتێك، حکومەت وەك ناسنامە ودەربڕی ئیرادەی نەتەوەیەك سەیر بکات، ئەوا هەوڵدەدات بە جوانترین شێوە ئەو ئیرادەیە پیشانی جیهان بدات.

●●●
**کەم سەرکردە نەک سەرکردەی ئاسایی بە ڵکو سەرکردەی کاریزمایش نەیتوانیوە رێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆی بەبێ سانسۆر خستنە سەر ئازادی ئەنجامبدات، هەر بۆنموونە گاندی کە بەگەورەترین سەرکردەی ئاشتی خوازی جیهانی دەزانێت نەیتوانی ریزەکانی گەلی هیندستان رێکبخاتەوە**
●●●

●●●
**بارزانی برواى بەوەیە دەبێت یاسا پاسەوانی ئازادی تاک و موڵکایەتی تاک بێت، بۆئەوەی لەکوردستان ئەو چینە ناوەندە دروست بێت کە بتوانێت کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت هەڵبسورێنێت، سەرمایە یاسا هەڵیبسورێنێت**
●●●

●●●
**سەرۆکی حکومەتێک، حکومەت وەک ناسنامە ودەربڕی ئیرادەی نەتەوەیەک سەیر بکات، ئەوا هەوڵدەدات بە جوانترین شێوە ئەو ئیرادەیە پیشانی جیهان بدات**
●●●




لەو رۆژەوەی لیستی حەدبا لە پارێزگای نەینەوا ١٩ کورسی لە کۆی ٣٧ کورســـی پارێزگای موسڵ بەدەست هێناوە، هەموو رەشبینیەك بۆ ئایندەی موســـڵ چاوەڕێ دەکرێت، هۆکاری ئەو رەشبینیەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت،کە بەرنامەی لیستی حەدبا بێجگە لە نکۆلیکردنی کورد لە پارێزگای موسڵ هیچ بەرنامەیەکی دیکەیان نییە و لیستی برایەتی لە ١٣ کورســـی لە کۆی ٣٧ کورسی هێناوە، کەچی ئەسیل نجێفی ســـەرۆك لیســـتی حەدبا زۆر بێ شەرمانە ئاماژە بەوە دەکات کورد لە موســـڵدا بوونی نییە، ئەم ئینکاریکردنەی بوونی نەتەوەیەك کەرێژەی ٣٣٪ی دانیشـــتوانی شارێکی وەك موســـڵ پێکدەهێنێت، هەمـــوو دەرگاکانی وتوێژ و رێککەوتنی لە نێوان لیســـتی برایەتی نەینەواو ولیستی حەدبا داخستووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە مەترسی زۆر ئەگەری ترســـناك بکرێت و کارەساتێکی دیکەی وەك کارەساتی فەلوجەی ســـاڵی ٢٠٠٥ لە موسڵ دووبارە بێتەوە، پێشتر ئەم تاقمەی ئێســـتا لە ناو لیســـتی حەدبا کۆبووبونەوە، هەوڵی زۆریاندا لەســـەر ناســـنامە کوردی موســـڵ تیرۆر بکەن، شـــەڕی نێوان کورد عەرەب لە موســـڵدا هەڵبگیرســـێنن،بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تاقمەی ئێستا لە دەرەوەی بەڕێوەبردنی پارێزگای نەینەوا بوون، لیستی برایەتی نەینەوا ئیدارەی پارێزگای نەینەوای بەڕێوەدەبرد، رێگەیان نەدا، ئەو کارەساتە دروســـت بێت، بۆیە مەترسی ئەمجارە ترســـناکترە و ئەم تاقمەی کە پشتگیری تیرۆریستان وکۆنە بەعســـیەکان دەکەن، ئەوان لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە ئیدارەی ئەو شارە دەگرنە دەست و دەیانەوێت بەو ئەقلیەتە موسڵ دووچاری کارەساتێك بکەن، کە هەتا ئێستا عێراق بە خۆیەوەی نەبینوە،

## لیستی حەدبا
## بڕوای بەدەستووری عێراق نییە

مەترســـی گەورەی لیســـتی حەدبا ئەوەیە کە هەوڵدەدات، ئیدارەی پارێزگای موســـڵ لە دەرەوەی دەستووری عێراق و بە ئەقلیەتی کۆنە بەعسی و تیرۆریســـتان بونیاد بنرێتەوە،لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی تیرۆریستان وبەعســـیەکانیش مامەڵە لە گەڵ باردۆخی هەستیاری شاری موســـڵ بکرێت، لیســـتی حەدبا بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە، هەتائێستاش باس لەوە دەکەن کە عروبەی شاری موسڵ هێڵی سورەو ئەوەی لەو شـــارەدا دابنێشێت دەبێت عەرەب بێت، ئەم ئەقلیەتە لەگەڵ ئـــەوەی ئەقلیەتێکە زۆر زەحمەتە بتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە هەمانکاتدا مەترســـی ئەوەشـــی لێدەکرێت، کارەســـاتێکی گەورە بەدوای خۆیدا بێنێت و شەڕێکی ناوخۆی ئەو تۆی لێ هەڵبگیرسێت، کە کوژانەوەکەی ئاسان نەبێت، خاڵیکی دیکە کە داوای دەکەن ئەوەیە کە نابێت دەســـتووری عێراق لە موســـڵ جێبەجی بکرێت، مەسەلەی جێبە جێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە بو چارەسەرکردنی کێشـــەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان وەك شەنگار وتلکیف و شێخان وحەمدانیە و نیوەی شاری موسڵ کە دانیشتوانەکەی کوردە بە تایبەتی بەشـــی سەرەوەی شاری موسڵ، لەمەش ترسانکتر داوای ئەوە دەکەن تیرۆریســـتانی موسڵ کە لە موسڵەوە نێردراون بۆ ئەوەی کاری تیرۆریستی لە هەولێر و سلێمانی ودهۆك ئەنجامبدەن و لەلایەن هێزەکانی ئاسایشـــی هەرێمی کوردستانەوە گیراون . داوادەکەن ئازاد بکرێن، ئەمە باشترین شـــاهیدی خۆیانە کە بەرگری لە تیرۆریستان دەکەن و خۆیان وەك نوێنەری تیرۆریســـتان پیشاندەدەن،لایەنێکی دیکە کە راشـــکاوانە ئاماژەی پێدەکەن مەســـەلەی زۆرینەو کەمینەی ناو ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوایە کە لە ئێســـتاوە داوا دەکەن، هەموو بڕیارەکان تاکلایەنانە بڕیاری حۆیان بێت و بە رێژەی دەنگدانی زۆرینەی ســـادە واتە ٥٠٪+١ تێپەڕێنرێت، ئەم پێداگرتنە بۆ سڕینەوەی دەنگ وکورسیەکانی لیستی برایەتی نەینەواو بۆ پیادەکردنی دیکتاتۆریەتی شۆڤێنی بەعسی یە.

ئەو ئەنجوومەنی پارێزگای ئەسیل نەجەفی دەیەوێت دروستی بکات،

●●●
**مەترسی گەورەی لیستی حەدبا ئەوەیە کە هەوڵدەدات، ئیدارەی پارێزگای موسڵ لە دەرەوەی دەستووری عێراق و بە ئەقلیەتی کۆنە بەعسی و تیرۆریستان بونیاد بنرێتەوە**
●●●

●●●
**بیدەنگی ئێستای هەموو لایەک لەسەر باردۆخی شاری موسڵ و مەترسییەکانی، لە بێدەنگی پێش گەردەلوول دەچێت، چونکە ئەقڵیەتی شۆڤێنی بەعس و تیرۆریستان ناتوانرێت چاوەڕێی بە خۆداچوونەوەی لێ بکرێت**
●●●

# ...ەوێت ئەزموونی ...ڵ دووبارە بکاتەوە



لــە هیچ دامەزراوەیەکی عێراقی نوێ ناچێت و جیاوازە لەو ئیدارەی کە لە شـــاری کەرکوك بە پێکەوە گونجان وپێکەوە کارکردن، ئیدارەی پارێزگای کەرکوك دەکەن.

## موسڵ پێویستی بەدەستێوەردانی پەرلەمانی عێراق و هاوپەیمانان هەیە

بیدەنگی ئێســـتای هەموو لایەك لەســـەر باردۆخی شاری موسڵ و مەترســـییەکانی، لە بێدەنگی پێش گەردەلـــول دەچێت، چونکە

ئەقڵیەتی شـــۆڤێنی بەعس و تیرۆریســـتان ناتوانرێت چاوەڕێی بە خۆداچوونەوەی لێ بکرێت، ئەوانەی لە لیســـتی حەدبا کۆبونەتەوە، پیوەندیان بەوەوە نییە، کورد یان عەرەب، شـــیعەن یان ســـونەن،بەڵکو پەیوەندی بەو ئەقلیەتە شـــۆڤێنیەوە هەیە کە لە ناو حزبی بەعســـدا پێی پەروەردەکراون.ئەسیل نەجەفی ســـەرۆکی لیستی حەدبا تەنها دژی کـــورد نییـــە، لەبەر ئەوەی پێـــش هەڵبژاردنـــی پارێزگاکان پشتگیری ئەو کەس و لایەنانەیان کردووە، کە ترس وتۆقاندیان دژی برا کریستسانەکانی موســـڵ پیادەدەکرد بۆ ئەوەی شارەکە جێبهێڵن، دژی پارێزگاری ئێستای موسڵە، کە عەرەبە وخەڵکی موسڵە و لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی ســـەوا زۆر ناشارستانیانە هەڕەشەی لە بەرێز دورەید کەشمولەی پارێزگاری ئێستای موسڵ دەکرد و ئاماژەی بەوە دەکرد، دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەو ناتوانێت لە موسڵ دابنیشـــێت،کەواتە ئێستا ئاراستەی لیســـتی حەدبا بۆ بەڕێوەبردنی شاری موسڵ لەم خالانە تێناپەڕێت:

١- پێشـــێلکردنی دەســـتووری عێراق و دامەزراندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە عەقڵیەتی شۆڤێنی بەعس .

٢- دەستپێکردنەوەی سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستنی کورد وکریستیان لە موسڵ.

٣- بەردەوامبوون لەسەر شێواندنی دیمۆگرافیای ناوچە کوردیەکان و ناوچەی کریستیانەکانی پارێزگای نەینەوا.

٤- گێڕانـــەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەی کە پێشـــتر رژێمی بەعس بۆ تەعریبی ناوچە کوردیەکانی پارێزگای نەینەوا هێنابوونی.

٥- دروســـتکردنەوەی دیکتاتۆریەتی بەعس و پێشـــلکردنی دەنگی کەمینە بە ڕێگەی بە کارهێنانی زۆرینە بۆ سەرکوتکردنی کەمینە.

ئەو خالانەی ئاماژەمان پێکرد هەرهەموویان لەلایەن لیســـتی حەدباوە بـــە ئاشـــکرا داکۆکیان لێدەکرێـــت، بۆیە ئەگـــەر پەرلەمانی عێراق میکانیزمێك نەدۆزنـــەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی باردۆخی موســـڵ ئەوا کارەســـاتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەم راپۆرتە ئەم هەنگاوانە بە پێویست دەزانێت:

١- دەبێت لەســـەر ئاســـتی سیاسیی پێکهاتە ســـەرەکیەکانی عێراق، هاوپەیمانی کوردستان راشـــکاوانەتر مەترسیەکانی پارێزگای نەینەوا باس بکات و هێزی هاوپەیمانانی بە جیدی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٢- دەبێت مەســـەلەی شـــاری موســـڵ لە ناو پەرلەمانـــی عێراقدا باسبکرێت و مەترســـیەکانی بخرێتە روو، دەبێت پەرلەمانی عێراق لە هەستیاری و تایبەتمەندی شاری موسڵ تێبگات و بریاری گونجاوی لەبارەوە بدات.

٣- موســـڵ عێراقێکی بچکۆلەیە، راســـتە لە عێراقدا ئیســـتحقاقی هەڵبژاردن لەبەر چاو دەگیرێت، بـــەڵام میکانزمیش هەیە بۆ ئەوەی رێگە لە سەرکوتکاری زۆرینە بگرێت دژی کەمینە.

٤- لانی کەم دەکرێت شێوازی دەنگدان لە زۆرینەی سادەوە بگۆڕدرێت بۆ زۆرینەی رەها، واتە دەنگی ٣/٢ ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەواو هەروەها دابەشکردنی پۆستە ئیداریەکان بەپێی رێژەی دەنگدان و بریارە هەستیارەکانیش بە تەوافق بێت.

ئەگەر حســـابێکی تایبەت بۆ پارێزگای موســـڵ نەکرێت و موسڵ لەشەری بەعســـی و تیرۆریســـتان دوور نەخرێتەوە، ئەوا کارەساتێك دروست دەبێت کە پاشان چارەسەرکردنی ئاسان نابێت.

**لیستی حەدبا تەنها دژی کورد نییە، لەبەر ئەوەی پێش هەڵبژاردنی پارێزگاکان پشتگیری ئەو کەس و لایەنانەیان کردووە، کە ترس وتۆقاندیان دژی برا کریستسانەکانی موسڵ پیادەدەکرد بۆ ئەوەی شارەکە جێبهێڵن، دژی پارێزگاری ئێستای موسڵە، کە عەرەبە وخەڵکی موسڵە و لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی سەوا زۆر ناشارستانیانە هەڕەشەی لە بەرێز دورەید کەشمولەی پارێزگاری ئێستای موسڵ دەکرد و ئاماژەی بەوە دەکرد، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەو ناتوانێت لە موسڵ دابنیشێت**

**ئەگەر حسابێکی تایبەت بۆ پارێزگای موسڵ نەکرێت و موسڵ لەشەری بەعسی و تیرۆریستان دوور نەخرێتەوە، ئەوا کارەساتێک دروست دەبێت کە پاشان چارەسەرکردنی ئاسان نابێت**



پەرلەمانتار عەبدولباری محەمەد فارس ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و نوێنەری شاری موسڵ لەپەرلەمانی عێراق، لەگەڵ ئەوەی لەو لێدوانە تایبەتەی بۆ گوڵان نکۆڵی لەوە ناکات باردۆخی موسڵ ئارام نییە، بەڵام سیاسەتی شۆڤێنیانەی لیستی حەدبا و داکۆکیردنیان لەتیرۆریستان مەترسی زیاتری لێدەکرێت. سەبارەت بەهەوڵەکانیش بۆ پێکهینانی ئەنجوومەنی پارێزگای نوێی موسڵ، عەبدولباری محەمەد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لیستی حەدبا هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی موسڵ پێ نییە، بۆیە مەزندەی ئەوە دەکرێت ئەو لیستە لەبەریەکهەڵبوەشێتەوە، ئەمەش دەقی قسەکانیەتی بۆ گوڵان.

## پەرلەمانتار عەبدولباری محەمەد فارس نوێنەری موسڵ لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# لیستی حەدبا بێجگە لەدژایەتی کورد هیچ بەرنامەیەکیان بۆ موسڵ نییە، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەم لیستە لەبەریەکهەڵدەوەشێت

ئەو گروپانەی لیستی حەدبایان پێکهێناوە، بەهیچ پێوەرێک بیروباوەڕی یەکگرتویان نییە و تەنها لەئەنجامی کاردانەوەوە دروست بوونە و ئەمەش درێژە ناکێشێت

*** بارودۆخی شاری موسڵ چۆن دەبینیت بەتایبەتی لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لەو شارەدا؟**

- بارودۆخی شاری موسڵ ئارام نەبووە لەماوەی ڕابردوودا، جێی داخی گروپە تیرۆریستیەکان توانیویان جێ پێی خۆیان قایم بکەن، وەك ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو، حاڵی حازریش خیتابێکی شۆڤێنیانە دژی کورد لەلایەن ئەو کەسانەوە دەبیستین کە خۆیان بەسیاسەتمەتدار دادەنێن، هەموو ئەمانە بوونەهۆی ئەوەی ڕەوشی ئەم شارە بەو شێوەیە نەبێت کە پێویستە. ئێمە ئومێدەواربووین هەڵبژاردنەکان هەنگاوێك بن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، بەڵام بەداخەوە کوتلەکانی دیکە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕێژەیەکی گەورەی کورسیەکانی ئەنجومەنی پارێزگایانی هێناوە لەسەر خیتابی شۆڤێنیستی خۆیان بەردەوامن. ئەوەی جێی نیگەرانیە ئەوەیە تائێستا لێدوانەکانی کوتلەی حەدبا لێدوانی باش نەبوونە لەگەڵ خەڵکی عێراق، چونکە تائێستا ئیدانەی کارە تیرۆریستە خۆکوژیەکانیان نەکردووە و زۆرجار بەمقاوەمە وەسفیان کردووە. ئێمە هیوادارین خەڵکی موسڵ بگەنە ئەو قەناعەتەی ئەم خیتابە خزمەتی دانیشتوان و خەڵکی موسڵ ناکات.

*** دوای هەڵبژاردنەکان لیستی برایەتی موسڵ کۆبونەوەیان لەگەڵ لیستی حەدبادا کرد، ئایا لەم ڕووەوە گەیشتونەتە هیچ ڕێککەوتنێك؟**

- نەخێر، تائێستا نەگەیشتونەتە هیچ تێگەیشتنێك و ڕێککەوتنێك، ئێمە لەچەند مەسەلەیەکدا جیاوازی گەورەمان هەیە لەگەڵ لیستی حەدبا، گەورەترین مەسەلە بەلای ئێمەوە هەڵوێست وەرگرتنە لەو شەڕەی عێراق ڕووبەڕووی بۆتەوە لەگەڵ تیرۆردا کە ئەوان تائێستا ئیدانەی کارە تیرۆریستیەکانیان نەکردووە، لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە بگەینە ڕێککەوتن لەگەڵیاندا، من گەشبینیش نیم بتوانین بگەنەینە هیچ شتێك لەگەڵیاندا، بەڵام من پێشبینی دابەشبوونی ئەم لیستە دەکەم، لەبەرئەوەی یەکگرتنیان لەسەر بنەمایەکی لەرزۆك بووە و من باوەڕ ناکەم بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ ئەو بناخەیە خۆی بگرێت.

*** هۆکاری ئەم ڕێککەوتنە چییە، خۆ لیستی برایەتی ئاستەنگ دروست ناکات، ئێمە لەکەرکوك و دیالەش**

**گەیشتینە ڕێککەوتن بۆچی ناتوانین لەگەڵ لیستی حەدبا ڕێکبکەوین؟**

- لەڕاستیدا ئەوان کار لەسەر چەند مەسەلەیەك دەکەن کە لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگادا نییە، بۆ نموونە باس لەسنووری پارێزگای موسڵ و ئەو ناوچانە دەکەن کە ناکۆکیان لەسەرە کە ماددەیەکی دەستووری چارەسەری کردوون، هەروەها ئێمە دەمانەوێت ئەوان هەڵوێستێکی ڕوون و ڕاشکاوانەیان هەبێت لەئاست گروپە تیرۆریستیەکاندا، واتە ئێمە لەزۆر شتی ستراتیژیدا لێکجیاوازین، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەگەری دابەشبوونی ئەم لیستە لەئارادایە لەبەرئەوەی بەهیچ پێوەرەێك ئەو گروپانەی ئەم لیستەیان پێکهێناوە بیروباوەڕی یەکگرتویان نییە و تەنها لەئەنجامی کاردانەوەوە دروست بوونە و ئەمەش درێژە ناکێشێت. پێموایە لەو حاڵەتە لیستی برایەتی هەوڵی کۆبونەوە دەدات لەگەڵ باشترین گروپی ناو ئەو لیستە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك.

*** بەڵام ئەگەر نەمانتوانی بگەینە ئەو ئامانجە بارودۆخی شاری موسڵ چی لێدێت؟**

- ئێمە لەلیستی برایەتی هەمیشە هەوڵی بەرەوپێشبردنی ڕەوشی ئەمنی و ڕەوتی ئاوەدانکردنەوەی شارەکەمان داوە، بەڵام ئەگەر نەگەیشتنینە ڕێککەوتن ڕەنگە گروپە تیرۆریستیەکان خۆیان بەسەرکەوتوو بزانن و پتر ژیانی خەڵکی شارەکە تێکبدەن، بەڵام من هیوادارم بارودۆخەکە بەرەوپێشبچێت و لەو باوەڕەدام لەمەودا شتەکان زیاتر ڕوون دەبنەوە.

*** ئایا ئەمە گەڕانەوە نیە بۆ دیکتاتۆرییەت بەهۆی سندوقی دەنگدانەوە؟**

- پێموایە ئەوان بەهۆی هەڵگرتنی خیتابێکی شۆڤێنیەوە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ڕەنگە توانیبێتیان دەنگی کەسانێك بەخۆیان ڕابکێشن کە پێشتر سەرکردەی سەربازی ڕژێمی پێشوو بوونە، واتە ئەم شارە ڕەنگە خەڵکانێکی زۆر تێدابێت کە خۆیان بەزەرەمەند دەزانن بە ڕووخانی ڕژێمی پێشو، لەبەرئەوە دەنگیان بۆ ئەم لیستە دا، هەروەها ئەوان بەخیتابێکی توندڕەو و شۆڤێنی دژی کورد خەڵکی سادەیان ئیستیغلالکرد، بەڵام پێشبینی دەکەم ئەمە درێژە نەکێشێت و ڕەنگە خەڵکانێکی باشیان لەنێودابێت و ڕەنگە پاشەکشە لەم لیستە بکەن و ئاراستەی ئاوەدانکردنەوەی موسڵ بگرنەبەر نەك ئالۆزکردن و خراپکردنی بارودۆدخی ئەم شارە.

*** واتە ئەم لیستە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت؟**

بە تێڕوانینی من زۆری پێناچێت ئەمە ڕوودەدات لەبەر ئەوەی جگە لە خیتابی دژی کورد هیچ شتێکی دیکە گروپەکانی ناو ئەم لیستە کۆناکاتەوە و من پێشبینی دەکەم کەسانێك لەناو ئەم لیستەدا درك بەمە بکەن و ئەو ڕاستەیەیان لەبەرچاوبێت کە ئەم لیستە هیچ بەرنامەیەکی ئاودانکردنەوەی شاری موسڵیان نەبووە بۆ ئەوەی لە دوای هەڵبژاردن جێبەجێ بکە، لەبەر ئەوە نیمچە دڵنیام کە ئەمە ڕوودەدات.



**ئائێستا نەگەیشتوینەتە هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ لیستی حەدبا و لەچەند مەسەلەیەکدا جیاوازی گەورەمان هەیە لەگەڵیان، کە گەورەترین مەسەلە بەلای ئێمەوە مامەڵە کردنە لەگەڵ تیرۆریزم**

ئەسیل نەجەفی دەڵێت تەنها ٥٪ی دانیشتوانی موسڵ کوردن، واتە یەزیدی و شەبەک و کەرگەری بەکورد نازانن و، کوردەکانی ئەو شارەش بە کوردی کۆچکردوو دادەنێن



پەرلەمانتار ئەحمەد یوسف موسا ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و نوێنەری شاری موسڵ لەپەرلەمانی عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر باردۆخی شاری موسڵ دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و دەرچوونی لیستی حەدبا و ئەو مەترسیانەی لەئاکامی دەرچوونی لیستی حەدبا هاتوونە ئاراوە، گوڵان پەیوەندی بەبەڕێز پەرلەمانتار ئەحمەد یوسف کرد و بەمجۆرە لەسەر باردۆخی موسڵ هاتە ئاخاوتن.

## پەرلەمانتار ئەحمەد یوسف موسا نوێنەری موسڵ لەپەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# بەرنامەی لیستی حەدبا موسڵ بەرەو شەری کورد و عەرەب دەبات

*** دوای کۆتایهاتنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە موسڵیش بەشداری کرد، لیستی حەدبا لەسەدا ٥٠ی زیاتری دەنگەکانی بەدەستهێنا، ئەمەش تاڕادەیەك تووشی غروری کرد و وایلێکرد نەگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ لیستی برایەتیدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن سەیری ئەم هاوکێشە نوێیە دەکەن؟**

- من پێشتریش ئاماژەم پێکرد بەدەستهێنانی لەسەدا ٥٠ زیاتری دەنگەکان لەلایەن لیستی حەدباوە ڕەنگە باردۆخەکە بەرەو ئاڵۆزیەکی سیاسی و گرفتێکی نەتەوەیی ببات و ڕەنگە بەرەو شەڕێکی ناوخۆییش سەربکێشێت، چونکە دروشم و خیتاب و چوارچێوەی کارکردنی سیاسی ئەندامانی لیستی حەدبا، لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی کورد بنیاتنراوە، واتە ئەگەر بە پێی ئەم بەرنامە و دروشمانە کاربکەن ئەوا ئەگەری دروستبوونی شەڕێکی نەتەوەیی لەئارادا دەبێت. لەبەرئەوەی ئەم لیستە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی بەدەستهێناوە و ئەمەش دەسەڵاتی پێدەدات کە پارێزگار و جێگرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا و جێگرەکەی و بەڕێوبەرە گشتیەکانی هەیە، چونکە بەپێی یاساکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەوان دەسەڵاتیان هەیە ئاڵوگۆڕێکی تەواو بکەن لە پارێزگاکاندا و بڕیار دەربکەن، هەرچەندە لەدەستووردا هاتووە نابێت دژایەتی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی و دژایەتی دەستوور بکات، بەڵام دەتوانن چەند بڕیارێکی دیاریکراو بدەن، بۆ نموونە بڕیاری ئەوەبدەن هێزی پۆلیس جێی هێزی پێشمەرگە بگرێتەوە لەهەندێ ناوچەی ئەو پارێزگایەدا، کە ڕەنگە ئەمەش جۆرێك لەناکۆکی لەگەڵ کورددا دروست بکات. بەو پێیە من ڕەشبینم بەرامبەر بەئایندەی موسڵ و پێموایە ئەگەر هێزی سێیەم دەستێوەردان نەکات و کاریگەری ئیجابی نەبێت و باردۆخە ئیحتیوانەکات، ڕەنگە شەڕێکی ناوخۆی لە نێوان کورد و عەرەب دروست بێت، کە لێرەدا مەبەستم لە هێزی سێیەم قونسوڵیەی ئەمەریکیە لەموسڵ.

*** ئایا جیاوازیەکانمان چین، کە ناتوانین بگەینە ڕێککەوتن لەگەڵ لیستی حەدبا؟**

- لەڕاستیدا جیاوازیەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم لیستەدا لەسەدا ٨٠ یە، ئێمە هیچ تەوەرێکی هاوبەشمان نییە لەگەڵ ئەم لیستەدا، ئەوان لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی کورد کاردەکەن، بۆ نموونە دەڵێن نابێت هێزی پێشمەرگە لەهیچ ناوچەیەکی موسڵدا بمێنێتەوە، کە ئێمە دەزانین بوونی هێزی پێشمەرگە هەندێ ناوچەی موسڵیان لەهەڕەشەی تیرۆر پاراستووە، بۆ نموونە لەشەنگار، بەعشیقە، تەلکێیف و تەنانەت حەمدانیەش، هەروەها ئەوان داوای ئەوە دەکەن دەسەڵاتیان بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا بسەپێنن کە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەژێر دەسەڵاتی پارێزگاری موسڵدا بوون، دواتر کەسێکی وەك ئەسیل نەجەفی برای ئوسامە نەجەفیە کە چەندین جار تۆمەتی بێ بنەمای دایە پاڵ کورد، وەك تۆمەتی تیرۆر و دەرکردنی مەسیحیەکان، لەبەرئەوە کارکردن و بەرنامەی ئەوان دژی بیرکردنەوە و بڕیارەکانی ئێمەن، چۆن دەکرێت لەگەڵ لیستێکی ئاوا دابنیشین و بگەینە ڕێککەوتن لەگەڵیاندا و تەوەرێکی هاوبەشیان لەگەڵدا بدۆزینەوە.

*** موسڵ دووەم گەورەترین شاری عێراقە، ئەگەر ئاژاوە لەم شارەدا ڕوویدات ئەوا ئایندەی ئەم وڵاتە دەکەوێتە مەترسیەوە، ئایا هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانی و حکومەتی بەغدا و هێزە هاوپەیمانەکان چی دەبێت؟**

- من پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ ناتوانێت دژی دەستوور بڕیار دەربکات، بۆ نموونە ئەو ناوچانەی کە بە شێوەیەك لەشێوەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەدەبرێن ئەوان هەوڵی گەڕاندنەوەی دەدەن بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکە، بەڵام ئەم ناوچانە بەپێی دەستور ناوچەی کێشەدارن و کوردەکانیش مافی

بەپێی زانیاری ئێمە هەموو لایەنەکانی ناو لیستی حەدبا هاوڕان لەسەر دژایەتیکردنی کورد و، تەنها شتێک ئەم لایەنانەی کۆکردبێتەوە دژایەتیکردنی کوردە، ئەگەرنا چ شتێک عەبدوڵلا حمێدی و ئەسیل نوجێفی کۆدەکاتەوە؟ چ شتێک ئەسیل نوجێفی و دڵدار زێباری پێکەوە کۆدەکاتەوە؟

زۆر کورد لەموسڵ دەڵێن کە هیچ خزمەتگوزاریان بۆ دابین نەکراوە، لەبەرئەوە ئێمە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگامان دانا ٨ ملیۆن دۆلاری دزی

ئەوەیان هەیە بوونیان هەبێت تێیدا، بەلای کەمەوە بۆ پاراستنی خەڵکی خۆیان، واتە کوردیش مافی هەیە لەڕووی سیاسیی و یاساییی، یان هەر شێوازێکی دیکەوە بەرگری لەخۆی بکات. دواتر ئێمە لەحکومەتی بەغدا و لە پەرلەمانی عێراقیدا بوونمان هەیە، دەسەڵاتمان هەیە، چ سەرۆك کۆمار و چ پۆستەکانی دیکە، یاخود ئێمە لەپەرلەماندا بەپێی ڕێککەوتنەکانمان لەگەڵ کوتلە سیاسیەکاندا دەسەڵاتمان هەیە و دەتوانین کاریگەریمان هەبێت، چونکە لەحاڵەتی پێشێلکردنی دەستووردا لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانە پەرلەمان دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەیان هەیە، ئەمەش واتە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێی. هەروەها ڕوودانی ئاژاوەش لە بەرژەوەندی سەرۆك وەزیران نابێت، لەبەرئەوە من پێموایە حکومەتی فیدراڵی دەستێوەردان دەکات بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی حاڵەتەکە.

*** ئایا تێکڕایی لایەنەکانی ناو لیستی حەدبا هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر کورد هەیە، ئایا هیچ لایەنێکیان تێدانیە بتوانین بگەینە ڕێککەوتن لەگەڵیاندا؟**

- بەپێی زانیاری ئێمە هەموو لایەنەکانی ناو ئەم لیستە هاوڕان لەسەر دژایەتیکردنی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەنها شتێك ئەم لایەنانەی کۆکردبێتەوە دژایەتیکردنی کوردە، ئەگەرنا چ شتێك عەبدوڵا حمێدی و ئەسیل نەجەفی کۆدەکاتەوە؟ چ شتێك ئەسیل نەجەفی و دڵدار زێباری پێکەوە کۆدەکاتەوە؟ ڕاستە جیاوازی ناکۆکی هەیە لە نێوانیاندا لەسەر پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، بەڵام ئەم جیاوازیانە نەچونەتە چوارچێوەی لێکدورکەوتنەوە لەیەکتری بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ لایەنێکی دیاری کراویان ڕێکبکەوین، چونکە لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر بە کورد جیاوازیان نیە.

*** بەڵام ئەسیل نەجەفی دەڵێت لە موسڵ کورد دەرنەچووە، ئەوەی هەیە هەشت یەزیدی، دو شەبەك و دو گەرگەریە، واتە ئەمانە بە کورد نازانێت؟**

- بەڵێ، ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئەمەیان ڕاگەیاندووە، ئەسیل نەجەفی لە لێدوانێکدا باسی لەوەکرد کە لە سەدا ٥ی دانیشتوانی موسڵ کوردن، واتە ئەوان یەزیدی و شەبەك و گەرگەری بە کورد نازانن و کوردەکانی ئەو شارەش بە کوردی کۆچکردوو دادەنێن، وەك زێباری، سورچی و ڕێکانی. هەروەها ئەوان لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ڕایانگەیاند عروبەتی موسڵ هێڵی سوورە و هەوڵیاندا بەم شێوەیە خەڵك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

*** بەڵام بۆچی دڵدار زێباری لەگەڵ ئەم لیستەدا بەشداریکرد، خۆ ئەو هەرچیەك بێت کوردە؟**

- پێشتریش دڵدار زێباری هەر لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا بوو، لەڕاستیدا ئەوانەی لەم لیستەدا کۆبوونەتەوە زۆربەیان پێشتر بەعسی بوونە و دژایەتی کورد دەکەن، بۆ نموونە کەسێکی یەزیدیش لەگەڵ ئەم لیستەدا بەشداری کردووە کە سەر حزبی ئیسلاح و تەقەدومە، هەروەها کەسێکی کوردی شەبەکیشی تێدایە کە سەر بە حەنین قەدۆیە، حەنین قەدۆش پێشتر خۆی بەکورد دادەنا بەڵام دوای ئەوەی هەوڵیدا ببێتە ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی هاوپەیمانی و ڕێگەی پێنەدرا ئێستا بەئاشکرا دژایەتی کورد دەکات، واتە ئەمە پەیوەست نییە بەوەوە ئەمە کوردە و ئەمە عەرەبە، چونکە لەئەسڵدا ئەوان بۆ دژایەتی کورد دروستبوونە.

*** ئەگەر لیستی برایەتی موسڵ بوو بەلیستی موعارەزە، ئایا دەتوانین ئەم ڕۆڵە ببینین و ئیدارەی پارێزگاکە بۆ ئەوان جێبهێڵین؟**

- ئەگەر بەڕاشکاوی بدوێم ئەوا ئەگەر ببینە موعارەزەش ئێمە هیچمان پێناکرێت، ئێمە چوار پێنج ساڵە حاکمی ئەم شارەین، پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا و جێگری ئەنجومەن و سەرۆکی یەکە ئیداریەکان خۆمان دامانناوە، لەو بودجەیەی بۆ ئەم شارە تەرخانکرابوو، توانیمان تەنها ١٠٪ی خەرج بکەین، مەبەستم ئەوەیە ئێمە خۆمان وامانکرد لیستی حەدبا سەرکەوتوو بێت، ئێمە چۆن ڕاستیەکان دەربارەی ئەوان دەڵێین دەبێت دەربارەی خۆشمان ڕاستیەکان نەشارینەوە. من دەمەوێت ئەم هاوکێشانەت بۆ بخەمەڕوو بۆ ئەوەی شتەکان ڕوون بێتەوە، ئەسیل نوجێفی کە برای ئوسامە نوجێفی یە و ڕێکخەری لیستی حەدبایە لەسەر لیستی ئەلعراقیە بوو لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی، لیستی ئەلعراقیە تەنها دوو ئەندامی هێنا لە ١٩ ئەندام، بەڵام لیستی حزبی ئیسلامی ٨ ئەندامی لە ١٩ ئەندام هێنا، بەڵام لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنە مەحەلیەکان حزبی ئیسلامی ٣ ئەندامی هێنا لەکۆی ٣٧ ئەندام، لەکاتێکدا ئوسامە نەجەفی لەلیستی ئەلعراقیە کە ب تەنیا دابەزی بوون ١٩ ئەندامیان هێنا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە شۆڤێنیەتێکی بەهێز هەیە لەنێو عەرەبی موسڵدا، هەروەها ئێمەش نەمانتوانی کار بکەین بۆئەوەی خەڵکی موسڵ دەنگ بەلیستە میانڕەوەکان بدەن، بۆنموونە لیستی حەل هەبوو کە خەڵکی باشیان تێدابوو و عەرەب بوون و باوەڕیان بە ئاشتی و برایەتی و خزمەتکردنی خەڵکی موسڵ هەبوو، بەڵام یەك ئەندامیشیان نەهێنا، حزبی ئیسلامی ٣ ئەندامی هەیە و ئەمەش بە بەراورد بە ٣٧ ئەندام هەر هیچ نییە. ئەو دەنگەی ئێمە بەدەستمانهێناوە دەنگی کوردەکان بووە، بەڵام تەنانەت کوردیش هەبووە دەنگی بۆ ئێمە نەداوە و ئەمە ڕاستییەکی زانراوە، هەروەها ئێمە نەمانتوانیوە هیچ کاریگەریەکمان لەسەر عەرەب هەبێت لەو شارەدا، نەمانتوانیوە کاریگەربین لەسەر ١٠٪ی عەرەبەکانی موسڵ بۆئەوەی ئەگەر دەنگیش بۆ ئیمە نەدەن بەلای کەمەوە دەنگ بۆ لیستە میانڕەوەکان بدەن. لەبەر ئەوە پێموایە ئێمەش هەڵەمان هەبووە، خزمەتگوزاریەکان بە ئاستێکی زۆر نزم پێشکەشکراون و تەنانەت زۆر کوردیش ئەوە دەڵێن کە هیچ خزمەتگوزاریان بۆ دابین نەکراوە، ئێمە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگامان دانا کە ٨ ملیۆن دۆلاری دزی و دواتر دەستگیرکرا، واتە دەبێت پێداچونەوەیەکی گشتی بەکارەکانماندا بکەین، بە تایبەتی کە هەڵبژاردنی قەزا و ناحیەکانمان لەپێشە و ئەمەش گرنگی خۆی هەیە، ڕاستە دەسەڵاتیان هێندەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا نییە، بەڵام ئەوانیش دەتوانن کاریگەربن، ئەگەر نەتوانین دەنگی خەڵکی قەزا و ناحیەکان بەلای خۆماندا ڕابکێشین ئەوا ناتوانین هیچ کاریگەریەکمان هەبێت تەنانەت ئەگەر موعارەزش بین، لەبەرئەوەی ١٣ ئەندام بەرامبەر زۆرینەی ڕەها هیچی پێناکرێت.

*** ئایا ناتوانرێت بەچەشنی شاری کەرکوك پەرلەمانی عێراق دەستێوەردان بکات و حاڵەتێکی تایبەتی بۆ شارە بدۆزێتەوە و چارەسەری بۆ بکات؟**

من لەکاتی خۆیدا لەپەرلەمانیشدا ئەوەم خستەڕوو کە ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە لەشاری کەرکوکدا پێکهاتە و نەتەوەی جیاوازی تێدایە و دەبێت یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربکرێت، ئەوا لەشاری موسڵ و لەبەغداش ئەم فرەییە هەیە و دەبێت بەسەر ئەوانیشدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام دیاربوو کە برادەرانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حزبی دەعوە لەگەڵ ئەمەدا نەبوون و مەسەلەکە بەو شێوەیە کۆتایهات کە بینیمان، بەڵام ئەو لیژنەیەی لە کەرکوکدا کاردەکات لەسەر تۆمار و پێشێلکاریەکان بەپێی یاسا کاردەکات و حاڵی حازر زەحمەتە بتوانین ئەمە لەموسڵ یان دیالەدا پیادە بکەین.

---

●●●

**ئێمە نەمانتوانیوە هیچ کاریگەریەکمان لەسەر عەرەب لەموسڵ هەبێت، تەنانەت نەمانتوانیوە لەسەر ١٠٪ی عەرەبەکانی موسڵ کاریگەربین، بۆئەوەی ئەگەر دەنگیشیان بەئیمە نەدابووایە بەلای کەمەوە دەنگیان بۆ لیستە میانڕەوەکان بدایە**

●●●

●●●

**ئەگەر ببینە موعارەزەش ئێمە هیچمان پێناکرێت، ئێمە چوار پێنج ساڵە حاکمی ئەم شارەین، پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا و جێگری ئەنجومەن و سەرۆکی یەکە ئیداریەکان خۆمان دامانناون، لەو بودجەیەی بۆ ئەم شارە تەرخانکرابوو، تەنها توانیمان ١٠٪ی خەرج بکەین، مەبەستم ئەوەیە ئێمە خۆمان وامان کرد لیستی حەدبا سەرکەوتوو بێت**

●●●

●●●

**بەدەستهێنانی ٥٠٪ی زیاتری دەنگەکان لەلایەن لیستی حەدباوە ڕەنگە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزیەکی سیاسی شەڕێکی ناوخۆییش ببات، چونکە دروشم و خیتاب و چوارچێوەی کارکردنی سیاسی ئەندامانی لیستی حەدبا، لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی کورد بنیاتنراوە**

●●●



**تورکیا بارێکی تایبەتی هەیە جیاوازە لەعێراق و ئەفغانستان و رووسیا و ئێران، هەڕەشە نییە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، بۆیە نابێتە ئەولەویەت**

**تورکیا بازاڕێکی سەرەکی بازرگانی نییە وەک ژاپۆن و یەکێتی ئەورپا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەتەنگژەی ئابووری جیهانیەوە هەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەشدا رۆڵی لاوەکی دەبێت نەک سەرەکی**

# سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا وەرچەرخانێک لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن

سەردانی باراك ئۆباما بۆ توركیا یەكەم سەردانی سەرۆكەكانی ئەمریــــكا نییە بۆ توركیا، هەتا لـــەو ڕووە جێگەی بایەخی میدیاكانی جیهان بێت، هەروەها توركیا ئێرانیش نییە كە پێشتر لەگەڵ ئەمریكا پەیوەندی لەگەڵ نەبووبێت و ئەم ســـەردانە بووبێتە ســـەرەتایەك بۆ پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و واشـــنتۆن، وێڕای نەبوونی هیچ كامێك لەم هۆكارانە، بەڵام لەمیدیاكاندا سەردانی ئەمجارەی ئۆباما وەك سەرۆكی ٤٤ەمینی ئەمریكا جیاواز لەسەردانی سەرۆكەكانی دیكەی ئەمریكا خوێندرایەوە و بایەخێكی جیاوازی پێدرا.

باڵیۆز مارك پاریس، كـــە بۆ ئەم راپۆرتە تایبەت بەگوڵانی راگەیاندووە، دەڵێت: "ئەم ســـەردانە بۆیە گرنگە لەبەرئەوەی كەم ســـەرۆكی ئەمریكا هەبووە، لەدەســـتپێكی ئیدارەكەیدا ســـەردانی توركیای كردبێت، بۆیە ئەم ســـەردانە بەسەرەتای دەسپێكی شەراكەتێكی تازەی نێوان توركیاو ئەمریكا لەقەڵەم دەدرێت".

بێگومان وەك مارك پاریس بەگوڵانی راگەیاندووە، كە ئامانجی سەردانی ئۆباما بۆ توركیا بەئامانجی ئەم شەراكەتە هاوبەشە بێت ئەوا لەسیاسەتی تازەی ئیدارەی ئۆباما ئیدی توركیا ئەو دەوڵەتە نابێت، لەئەولەویەتی سیاســـەتی ئەمریكادا جێگەی نەبێتەوە ئیدی چیدیكە هەتا ئۆباما لەكۆشـــكی سپی بێت، ئەو پۆلێنكردنەی باڵیۆز مۆرتن ئەبرامۆتیز كاری پێناكرێت، كـــە لە لێدوانێكیـــدا بۆ CNN و لەوەڵامی پرســـیارێكدا بۆچی توركیـــا نابێتە ئەولەویەت لەسیاســـەتی ئەمریكادا؟ باڵیۆز ئەبرامۆتیز بەمجۆرە پێناســـەی توركیای لەسیاسەتی ئەمریكادا كردووە:

أ- توركیا بارێكی تایبەتی هەیە جیاوازە لەعێراق و ئەفغانستان و ڕووســـیا و ئێران، هەڕەشە نییە بۆ ســـەر بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا، بۆیە نابێتە ئەولەویەت.

ب- توركیا بازارێكی ســـەرەكی بازرگانی نییە وەك ژاپۆن و یەكێتی ئەوروپا، كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەتەنگژەی ئابووری جیهانیەوە هەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەشـــدا ڕۆڵی لاوەكی دەبێت نەك سەرەكی.

ت- توركیا، عەرەبســـتانی ســـعودیە نییە سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی وزە بێـــت، هەتـــا لەبەرژەوەندیەكانی ئەمریكا ڕێزی سەرەوە بگرێت.

ث- توركیا سەرچاوەی تیرۆر و تیرۆستان نییە، كە بیەویەوێت هێرش بكاتە ســـەر بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا، بۆیە لەشەڕی دژە تیرۆریشدا ڕۆڵی سەرەكی نییە.

ج- توركیا مەترســـی ئـــەوەی لێناكرێت ببێتە هەڕەشـــە بۆ بڵاوبوونەوەی چەكی ئەتۆمی وەك پاكســـتان و كۆریا، بۆیە لەم حاڵەتەشدا ڕۆڵی لاوەكی هەیە.

ح- توركیا هیچ كام لەوانە نییە، بۆیە هەرگیز نابێتە مانشێتی سەرەكی نیویۆرك تایمز.

ســـەبارەت بـــەم تێڕوانینەی باڵیـــۆز ئەبرامۆتیـــز، عومەر تاشـــبینەر گەورە تۆژەری تورك لەبرۆكینگز و ستوونووسی ڕۆژنامەی تودەی زەمانی توركی لەباسێكیدا كە لەبرۆكینگز

●●●
**توركیا، عەرەبستانی سعودیە نییە سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی وزە بێت، هەتا لەبەرژەوەندیەكانی ئەمریكا ڕێزی سەرەوە بگرێت**
●●●

●●●
**سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر توركیا دەبێتە سیاسەتێكی تێكەڵاوی تەنگژە ئیقلیمیەكان، هەربۆیە كە ئەمریكاش دواكاری لەتوركیا دەبێت، توركیا دەكەوێتە نێوان دووڕیانی یەكێتی ئەوروپا و بیرۆكراسییەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەزارەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریكا**
●●●

**له ٨٨٪ی هاوڵاتیانی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا نیین ئەسڵەن تورکیا درێژە بەهاوپەیمانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بدات، بۆیە ترسی ئۆباما لەم ئاستە بەرزەی دژایەتی گەلی تورکیا بۆ ئەمریکا، مەترسی ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، تورکیا لەوڵاتێکی عەلمانی کاندیدکراو بۆ یەکێتی ئەورپا و ئەندامی ناتۆ بگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی هاوشێوەی پاکستان**

بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت: "کەواتە لایەنی سلبی کە نەبێتە کێشە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ئەوەیە نابێتە ئەولەویەت لەسیاسەتی ئەمریکادا، ئەمەش واتە، بڕیار دروستکەرانی ئەمریکا لەوکاتەدا تورکیایان بیردەکەوێتەوە، کە پێویستیان بە تورکیا بێت بۆ کارێکی خێرا و بەپەلە، یان لەچوارچێوەی کێشەیەکی ئیقلیمیدا" تاشبینەر راشکاوانە لەسەر ئەم خاڵە هەڵوەستە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ تورکیا دەکرێت، واتە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە، ئەوکاتە تورکیا لەسیاسەتی ئەمریکا بوونی دەبێت کە ئەمریکا لەچوارچێوەی کێشەیەکی ئیقلیمی پێویستی بەتورکیا دەبێت، لەم حاڵەتەشدا لەبەرئەوەی رۆڵی تورکیا لاوەکیە و سەرەکی نییە، بۆیە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا دەبێتە سیاسەتێکی تێکەڵاوی تەنگژە ئیقلیمیەکان، هەربۆیە کە ئەمریکاش دواکاریی لەتورکیا دەبێت، تورکیا دەکەوێتە نێوان دووڕیانی یەکێتی ئەوروپا و بیرۆکراسییەتی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەزارەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا، بۆیە کاتێك تورکیا ناتوانێت ئەو داواکاریە جێبەجێ بکات، ئەوا وەك هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمریکا سەیر دەکرێت کە داوایەکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای جێبەجێ نەکردووە.

ئەوەی تاشبینار ئاماژەی پێدەکات هەستی ئەکادیمیەکی تورکە کە دەیەوێت وەك هاوڵاتیەك بەرگری لەوڵاتەکەی بکات و هەوڵدانێکە بۆ پاکانە هێنانەوەی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی ئەنقەرە کە پێشتر لەناوخۆی تورکیا پیادەی کردووە، هەتا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی باراك ئۆباما لەکاتی هەڵبژاردندا ئاماژەی بەوەکرد، ئێستا لەناو تورکیا، تەنها ١٢٪ی هاووڵاتیانی تورکیا، ئەمریکا وەك دۆست سەیر دەکەن، واتە لە ٨٨٪ی هاوڵاتیانی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا نیین ئەسڵەن تورکیا درێژە بەهاوپەیمانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بدات، بۆیە ترسی ئۆباما لەم ئاستە بەرزەی دژایەتی گەلی تورکیا بۆ ئەمریکا، مەترسی ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، تورکیا لەوڵاتێکی عەلمانی کاندیدکراو بۆ یەکێتی ئەورپا و ئەندامی ناتۆ بگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی هاوشێوەی پاکستان، بۆیە کاتێك تاشبینار لەدیراسەکەیدا پرسیار دەکات ئایا ئەم سیاسەتە لەسەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟ لەوەڵامدا هەر خۆی دەڵێت: "لەوانەیە ئەو گۆڕانکاریە بەو ئاستە روونەدات" ئەمە هەقیقەتێکە، کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، دەبێت گەلی تورکیا بزانێت بۆیە ئەو گۆڕانکاریە چاوەڕوانکراوە بەو ئاستە لەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا روونادات، لەبەرئەوەیە وەك باڵیۆز ئەبرامۆتیز ئاماژەی پێکردووە، ئەو مەسەلانەی دەبنە ئەولەویەت لەسیاسەتی ئەمریکا کۆمەڵیك مەسەلەن وەك ( تەنگژەی قەیرانی ئابوری جیهانی، سەرچاوەکانی ووزە، دەوڵەتە گەورەکانی پیشەسازی، دەوڵەتانی ناسەقامگیر کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئیقلیمی وجیهانی، سەرچاوەکانی تیرۆر و دالدەدرانی تیرۆریست، هەڕەشەی بڵاوبوونەوەی

**مەبەستی ئۆباما ئەوەیە بایەخ بەتورکیا بدات، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا یارمەتی ئۆباما دەدات؟!**

چەکی کۆکوژ و چەکی ئەتۆمی ) لێرەدا گرفتەکە ئەوە نییە تورکیا لەبەرئەوەی نەبۆتە کێشە بۆ سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، بۆیە باجی ئەوە دەدات هەر بە لاوەکی لەئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکادا ماوەتەوە. ئەم مەسەلەیە بۆ زۆر وڵاتی گرنگتر لە تورکیاش بەو شێوەیە، هەر بۆنموونە، ئەگەر ئیسپانیا ئەندامی یەکێتی ئەورووپا نەبێت، ئەو رۆڵە سەرەکییەی لەسیاسەتی ئەمریکادا نابێت، بۆیە ئیسپانیا وەك بەشێك لەیەکێتی ئەورپا لەئەولەویەتی سیاسیەتی ئەمریکادایە، تورکیاش ئەگەر ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا دەکەوێتە چوارچێوەی ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکاوە، دەکرێت ئەم حاڵەتەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستانیش سوودی هەبێت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستانیش لەچوارچێوەی عێراقدا دەکەوێتە ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکاوە، هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان بەغدا وئەنقەرە و دەبێتە مەکۆی هاوکێشە سیاسیی و ئیقلیمییەکان، بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم رۆڵەی خۆی وەك مەکۆی هاوکێشە سیاسیەکان لەبیر بکات و، دوای ئەوە بکات وەك هەرێمی کوردستان ئەولەویەتی لەسیاسەتی ئەمریکا پێبدرێت، ئەوا نە هەرێمی کوردستان بۆ خۆی دەتوانێت خۆی بکاتە ئەولەویەت، نە لەچاو ئەولەویەتەکانی دیکەی سیاسەتی ئەمریکاشدا جێگەی دەبێتەوە، بۆیە گرنگە سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا و لەتورکیاشەوە بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو خاڵەوە سەیر بکەین، هەرێمی کوردستان لەناو کۆمەڵێك هاوکێشە و بەرژەوەندی ئەمریکا لەناوچەکە رۆڵی خۆی بەسەرکەوتوویی گێڕاوە و جێگەی خۆی کردۆتەوە، بۆیە ناتوانرێت لەهاوکێشەکە دەربهێنرێت، لەبەرئەوەی بەدەرهێنانی لەهاوکێشەکە، بەرژەوەندی گەورەتر دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە ناکرێت هەرێمی کوردستان گلەیی ئەوە لەئەمریکا بکات، لەبەرئەوەی موقتەدا سەدر فاکتەری ئاژاوەیە دەبێتە مانشێتی سەرەکی واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی بونیادی دیموکراسیە لەمیدیاکانی ئەمریکا ئاماژەی پێناکرێت، هەر بۆیە کاتێك تاشبینار بەگومانەوە سەیری گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا سەیردەکات، مەسەلەکە تەنها پەیوەست نییە بەلایەنی ئەمریکاوە، بەڵکو بەشی سەرەکی پەیوەندی بەسیاسەتی حکومەتی تورکیاشەوە هەیە، ئەم مەسەلەیە بۆ هەرێمی کوردستانیش بەو شێوەیە دەبوو، ئەگەر حکومەتی کوردستان هەوڵی بدایە کوردستان لەچوارچێوەی عێراق بهێنێتە دەرەوە و پاشان داوای بکردایە وەك عێراق ئەولەویەتی پێبدرێت.

## تورکیا چۆن دەتوانێت بببێتە ئەولەویەت لەسیاسەتی ئەمریکادا

هەندێك جار گرفتەکان لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرن، سیاسەتمەداران بایەخ بەو چەمکانە نادەن کە دەبێتە هۆکار بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی گەورە، لەوانەیە جوانترین نموونە بۆ

ئەم باسە تێنەگەیشتنی دۆناڵد رامسفیلدی وەزیری بەرگری ئەمریــــکا بێت، لە چەمکی هێزی نەرم (ســـۆفت پاوەر) کە جۆزێف نای یاریدەری پێشــووی وەزیری بەرگری ئەمریکا لەکۆڕێکدا و لەدوای هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق باســـی لێوە کردووە، نای لەپێشـــەکی کتێبەکەیدا بەناونیشانی هێزی نەرم (ســـۆفت پاوەر) دەڵێت: لەکۆڕێکدا کە دۆناڵد رامســـفیلد و ژمارەیەك لەگـــەورە دیپلۆماتکارەکانی ئەمریکا ئامادەبوون، باسی کاریگەری هێزی نەرمم کرد، واتە دەکرێت بەبێ شەڕ و بەکارهێنانی هێزی سەربازیش ئەمریکا وەك هێزێکی گەورە لەجیهاندا دەربکەوێت، ئەمریکا چۆن لەهێزی رەق (واتە شەڕ و هێزی سەبازی) باڵادەســـتە، لەهێزی نەرمیش باڵادەستە، ئەمـــەش واتە لەبـــری ئەوەی جیهان لەهێزە ســـەربازیەکەی ئەمریکا بترسن، باشترە رێز لەشارستانیەت و چەمکی ئازادی ئەمریکا بگرن، باشـــترە ئەو رۆژانە بگێڕینەوە کە قوتابیانی چین لەگۆرەپانی تیانامین پەیکەری ئازادی ئەمریکایان وەك دروشم بۆ خۆپیشاندانەکەیان بەدەستەوە بووە.

نـــای دەڵیت زۆر لە دیپلۆماتکارەکان هاوســـۆز بوون لەگەڵ باســـەکەم، بەڵام رۆژنامەنووســـێك لە رامســـفیلدی پرسی، ڕای تۆ چییە لەســـەر ئەم چەمکە؟ لەوەڵامدا رامســـفیلد گووتبووی نازانم (نای) مەبەستی لەهێزی نەرم چییە؟ ئەمە نموونەیەکی زۆرباشـــە کە راستگۆیانە رامسفیلد نەیشاردەوە، ئەم قســـەیەی رامسفیلد تەواوی ئەو تەنگژانەمان بۆ دەخاتە روو کە لەســـەردەمی رامسفیلدا لەنێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریـــکادا هەبوو، ئەو تەنگژانەی پاوڵی ناچارکرد دەست لەکا ربکێشێتەوە، بەڵام دەرکەوت گرفتەکە ئەو ئەقڵەیە کە لەهێزی نەرم تێناگات، بۆیە بە ناچارکردنی رامسفیلد بۆ دەست لەکارکێشانەوەی لەپێنتاگۆن، کێشەکانی نێوان هەڵۆکانی پێنتاگۆن و کۆترەکانی وەزارەتی دەرەوە کۆتایی پێهات.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە ســـەر باســـی تورکیا لەسیاسەتی ئەمریکاداو، ڕەخنەیەکی نەرم لەبەڕێز تاشـــبینار بگرین، کە گلەیی ئـــەوە لەئەمریکا دەکات تورکیا نەبۆتە کێشـــە بۆیە نەبۆتە ئەولەویەت لەسیاســـەتی ئەمریکادا، ئەوا راشکاوانە دەڵێین، ژاپۆن کە ئێســـتا ئەولەویەتە لەسیاســـەتی ئەمریکا، لەجەنگی دووەمی جیهانیشـــدا هـــەر ئەولەویەت بووە، بەڵام لەئەولەویەتی جەنگی دووەمی جیهانیدا کاولکاری بەســـەر وڵاتەکەی هێنا، بەڵام ئەولەویەتی ئێستای هێزە ئابووریەکەی و ئەو رۆڵە گرنگەیەتی کە لەســـەر ئاســـتی ئیقلیمی لەنێو دەوڵەتانی ئاســـیان لەرۆژهەڵاتی ئاســـیا دەیگێڕێت، بۆتە ئەو هێزە ئابووریەی توانای ئەوەی هەیە کاریگەری لەســـەر ئابـــووری هەموو جیهـــان هەبێت، بۆیە کـــە دەڵێین بوونی ئەولەویەت لەسیاســـەتی ئەمریکادا، تەنها بە لایەك ناکرێت، دەبێت ئەو وڵاتەشـــی کە دەیەوێت ببێتە ئـــەو لەویەت،ئەو پشـــکەی بەریدەکەوێـــت بزانێت چۆن رۆڵـــی کارەکتەر یان توخمـــی ئەولەویەت لەسیاســـەتی ئەمریـــکادا دەگێڕێت، پرســـیارەکە ئەوەیە: ئایا ئۆباما مەبەســـتێتی تورکیا ببێتە ئەولەویەت و شەراکەتێکی هاوبەش لەنێوان تورکیا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاشدا هەبێت؟ لە وەڵامدا وەك باڵیۆز مارك پاریس دەڵێت: بەڵی، مەبەســـتی ئۆباما ئەوەیە بایەخ بەتورکیا بدات، بەڵام پرســـیار ئەوەیـــە ئایا تورکیا یارمەتی ئۆباما دەدات؟!

## ئۆباما دەخوازێت تورکیا رۆڵیکی گرنگ بگێڕێت

ئایـــا تورکیا ئەو ســـیفەتانەی تێدایە کـــە بتوانێت ئەو رۆڵە گەورەیە بگێرێت کـــە ئیدارەی تـــازەی ئەمریکا دەخوازێت بیگرێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرســـیارە بۆ تورکیا ئاسانە، لەبەرئـــەوەی تورکیا وەك پێشـــتریش ئاماژەمان پێکرد، هیچ فاکتەرێکی سلبی بۆ ناسەقامگیری و هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشـــی نێودەوڵەتی تێدانییە، بۆیە دەکرێت هەوڵەکان بۆ ئەوەبن، تورکیا هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بەئاراستەی دەوڵەتێکی لیبراڵی هاوشێوەی دەوڵەتانی ئەورپا، سۆپەرپاوەرێکی ئیقلیمی بەهێز بێت بۆ بەستنەوەی رۆژهەڵات بە رۆژئاواوە، هەوڵبدات پێش هەر شوێنێك دەوڵەتانی دەوروبەری خۆی چاو لەتورکیا بکەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیەکان، دەبێت تێڕوانینی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد جیاواز بێت لەتێڕوانینی پاکســـتان بۆ کێشەی کشـــمیر، پێویســـتە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەك پەیوەندی ژاپۆن بێت لەگەڵ تایوان. دەبێت تورکیا بە جۆرێك دەستوورەکەی خۆی هەموار بکات، تێڕوانینی فەرەنســـا وئەلم□انیا بگۆڕێت، بەشێوەیەك کاردانەوەی لەسەر شارستانیەتی کریستیان و ئیسلام هەبێت، ئـــەو بۆچوونە رەتبکاتەوە کە ئەو دوو شارســـتانیەتە پێکەوە هەڵناکات، دەبێت تورکیا یاریزانی سەرەکی بێت لەکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و عێراقیشـــدا، تورکیا بەئاسانی دەتوانێت ئـــەم رۆڵە گرنگە بگێڕێت لەبەرئەوەی لەیەکاتدا هاوپەیمانی ئیسرائیلە و دۆستی دەوڵەتانی ئیسلامیشە. تورکیا دەتوانێت هەمان ئەزموونی ژاپۆن لەرۆژهەڵاتی ئاســـیا و رۆژهەڵاتی ناوین دووبارەبکاتەوە. شیمۆن پێریز گوتەنی، پێگەی تورکیا وەك بەشـــێك لە رۆژهەڵاتی ناوین زۆر لە پێگەی بەریتانیا و ژاپۆنیـــش باشـــترە، هەروەها تورکیا لەســـەرچاوەی وزە و لەدەستی کاری هەرزان زۆر نزیکە، دەبێت تورکیا پێش ئەوەی داوای ئەولەویەت لەسیاسەتی ئەمریکا بکات، دەبێت لەخۆی بپرســـێت بۆچی ئەو هەموو دەستکارەی تورکیا لەدەوڵەتانی ئەورپی بەنرخێکی هەرزان بەگەڕدەخرێن، بەڵام لە ناو تورکیا بواریان بۆ نەرەخســـێنراوە بخرێنەگەڕ، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایـــا هاووڵاتیانی ژاپۆنی بەدەوڵەتانـــی ئەورووپای رۆژئاوا دەسوڕێنەوە بۆئەوەی بەنرخێکی کەم کاری رەش بکەن، ئەمە وایکردووە، تورکیا لەچوارچێوەی دەوڵەتانی جیهانی ســـێیەم نەیەتەدەرەوە، بەڵام ئێستا ئۆباما دەیەوێت هاوکاری بکات، بۆیە هەوڵی ســـەرەکی دەکەوێتە سەر حکومەتی تورکیا بۆئەوەی بەو ئاراســـتەیە هەنگاو هەڵبگرێت. ئۆباما ئێســـتا دەیەوێت بە هێزی نەرم ســـەرۆکایەتی جیهان بکات، پرســـیار ئەوەیە: ئایا تورکیاش بە هێزی نەرم دەتوانێت رۆڵی سۆپەرپاوەرێکی ئیقلیمی بگێڕێت، بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئەنقەرەوە بۆ واشنتۆن دەنێرێت، نەك بەپێچەوانەوە.

●●●

**دەبێت تێڕوانینی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد جیاواز بێت لەتێڕوانینی پاکستان بۆ کێشەی کشمیر، پێویستە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک پەیوەندی ژاپۆن بێت لەگەڵ تایوان. دەبێت تورکیا بە جۆرێک دەستوورەکەی خۆی هەموار بکات، تێڕوانینی فەرەنسا وئەلمانیا بگۆڕێت**

●●●

●●●

**ئۆباما ئێستا دەیەوێت بە هێزی نەرم سەرۆکایەتی جیهان بکات، ئایا تورکیاش بە هێزی نەرم دەتوانێت رۆڵی سۆپەرپاوەرێکی ئیقلیمی بگێڕێت**

●●●



## هنری بارکی گەورە شرۆڤەگەری جیهانی لەسەر دۆسیێی تورکیا بۆ گوڵان:

# سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا تەنها گەشتێکی جوان بوو، هیچ ئامانجێکم لەپشت ئەم سەردانەوە نەبینی

■ ■ ■

**کە ناوی پرۆفیسۆر هنری بارکی دێت یەکسەر چاودێری سیاسیی ناوی گراهام فۆڵەری سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریکای بیر دەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی بارکی و فۆڵەر پێکەوە نایابترین کتێبیان لەسەر مەسەلەی کوردی تورکیا نووسیووە: (Turkey's Kurdish question) هەربۆیە هنری بارکی وەك یەکێك لەدیارترین و بەناوبانگترین شرۆڤەگەری تورکیا و کورد لەجیهاندا ناسراوە و تازەترین توێژینەوەشی لەسەر هەرێمی کوردستان بەناونیشانی (دوورخستنەوەی تەنگژە لەهەرێمی کوردستان) لەساڵی ٢٠٠٩ نووسیوە و وەك خۆشی لەم دیمانەی گوڵان ئاماژەی پێکردووە، ئیدارەی ئۆباما بەهاوشێوەی دیراسەتەکەی ئەو هەنگاو بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر دەدات. پرۆفیسۆر بارکی چەند جارێکی دیکەش لەسەر پرسەکانی پەیوەست بەتورکیا و کورد لێدوانی تایبەتی بەگوڵان راگەیاندووە، بۆیە ناوی بارکی لای خوێنەرانی گوڵان ناوێکی نامۆ نییە، ئەمجارەش دوای سەردانی سەرۆك ئۆباما و بۆ هەڵسەنگاندنی سەردانەکەی بۆ تورکیا و ئەجێندای ئەو سەردانە پەیوەندیمان بەپرۆفیسۆر بارکی کرد و وێڕای ئەوەی بەسوپاسەوە ڕای خۆی بۆ دەربڕین، لەهەمانکاتدا مۆڵەتی ئەوەشمان لێوەرگرت، دواین دیراسەتەکەی بەکوردی لە وێب سایتی گوڵان بڵاوبکەینەوە، ئەمەش دەقی قسەکانی هنری بارکیە بۆ گوڵان.**

■ ■ ■

**لەو باوەڕەدانیم ئۆباما بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەناوخۆی تورکیادا رۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت، لەبەرئەوەی ئۆباما سەرقاڵە بە کێشە و پرسی دیکەوە، وەک ئەفغانستان، عێراق و قەیرانی ئابووری ناوخۆیی**

*** سەردانی سەرۆك ئۆباما بۆ تورکیا بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم سەردانە چۆن دەبینیت؟**

- من پێموایە سەردانێکی باش بوو، هەروەها چەند لێدوانێکی ڕاست و دروستی دا، مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ تورکیادا کرد و پێشنیاری بەسوودیشی خستە بەردەم تورکەکان، بەڵام دەکرا باشتر پلان بۆ ئەو گەشتە دابنرایە و من لەو باوەڕەدام ئەم گەشتە بەرهەمی بڕیاری ساتەوەختی کۆتایی بوو، هەروەها سەردانەکەش لەتورکیاوە بۆ عێراق گرنگی خۆی هەبوو، لەبەرئەوەی ئەم سەردانەی لەئەوروپاوە بۆ عێراق نەکرد، بەڵکو لەتورکیایەوە کردی، بەڵام ئومێدی من ئەوەبوو باشتر پلان و ئامادەباشی بۆ بکردایە.

*** ئایا هیچ ئامانجێکی تایبەتی لە پشت ئەم سەردانەوە هەبوو؟**

- لە ڕاستیدا نائومێدیەکەی من لەمەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوەی ئەوەندەی من ئاگاداربم، هیچ ئامانجێکی تایبەتی لەپشت ئەم سەردانەوە نەبوو، لەسەرەتادا من پێپشبینیم دەکرد سەردانی ئەفغانستان بکات، ئامادەی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی کردنەوەی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئەرمینیا بێت، بەڵام هیچ ئامانجێکم بەدی نەکرد، جگە لەوەی گەشتێکی جوان بوو، ئومێدم دەکرد ئامادەکاری باشتری بۆ بکرایە.

*** کۆبونەوەی سەرۆك ئۆباما لەگەڵ ئەحمەد تورکی سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەنگاوێکی نوێیە لە سیاسەتی ئۆبامادا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیەکانی تورکیا، لەنێویاندا کیشەی کورد، ئایا لەو باوەڕەدایت ئۆباما ڕۆڵ ببینێت لەیەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیەدا؟**

- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆی تورکیادا، من لەو باوەڕەدانیم لەم ساتەوەختەدا ئەم ڕۆڵە ببینێت، لەبەرئەوەی ئۆباما سەرقاڵە بە کێشە و پرسی دیکەوە، وەك ئەفغانستان، عێراق و قەیرانی ئابووری ناوخۆیی، هەروەها ئەمە ئیدارەیەکی نوێیە و پێویستی بە کات هەیە. من پێموایە ئیدارەی ئۆباما بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ کار لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکات، بەشێوەیەك کە نزیکە لەو پێشنیارانەی من لە لێکۆڵینەوەکەمدا ئاماژەم پێکردووە.

*** هەندێ لەچاودێران پێیانوایە سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێراندا، ئایا تورکیا دەتوانێت ڕۆڵی نابژیوان ببینێت لەم ڕووەوە؟**

- نەخێر من پێموانیە ئەوە مەبەستی سەردانەکە بێت، ئێرانیەکان خۆیان بە هێزێکی گەورە و شارستانیەتێکی مەزن دەزانن، دەوڵەتێکی گەورەی لەم چەشنە پێویستی بەوە نابێت وڵاتێکی دیکە ڕۆڵی نابژیوان ببینێت، ئێران خۆی بە یەکسان دەزانێت لەگەڵ ئەمەریکادا، ئیتر بۆچی نابژیوانی دەوڵەتێکی دیکە قەبووڵ دەکات.

*** هەندێ پێیانوایە یەکێکی دیکە لەمەبەستەکانی سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا هاندان و پاڵشتیکردن بووە لەئەندامێتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا، ئایا ئەم سەردانە چ کاریگەریەکی هەبووە لەم ڕووەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە. دوو وەڵام هەیە بۆ ئەم پرسیارە، لەبەر بوونی ئەو قەیرانە ئابووریەی حاڵی حازر لەجیهاندا دروستبووە، کەس بیر لەوەرگرتنی تورکیا ناکاتەوە وەك ئەندام لەم یەکێتیەدا، یەکێتی ئەوروپا بیر لە ئەندامێتی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات ناکاتەوە لەیەکێتی ئەوروپادا، تۆ دەتەوێت بیر لەتورکیا بکاتەوە، ئەمە مومکین نییە. بەڵام ئەوەی ئۆباما تێیدا سەرکەوتوو بوو زەقکردنەوەی کێشەی تورکیا بوو، دووبارە گەڕاندنەوەی بوو بۆ ئەجێندای ئەو وڵاتانە، ڕەنگە ئەمە ڕاستەوخۆ جیاوازی دروست نەکات، بەڵام ڕەنگە لەماوەی ٥ بۆ ١٠ ساڵی دیکە جیاوازی دروست بکات، ڕەنگە هەوڵی ئەوەی دابێت وڵاتانی ئەوروپا ناچار بکات نەرمی بنوێنن، بەڵام مەرج نییە لەکۆتاییدا تورکیا بەئەندام قەبووڵ بکەن، ئێوە دەزانن وەڵامی سەرۆکی فەرەنسا چی بوو لەدوای لێدوانەکانی ئۆباما.

*** ئێمە دەزانین یەکێك لەمەسەلەکانی پەیوەست بە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، ئەو ڕاستیەش دەزانین کە ئۆباما لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەرنامەی سازکردنی لوتکەیەکی هەبوو لە نێوان کوردەکانی عێراق و سەرۆك وەزیرانی تورکیادا، بەم دواییەش عەبدوڵڵا گویل سەردانی عێراقی کرد و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانیدا کۆبونەوی کرد، ئایا چاوەڕێ دەکرێت لەئەنجامی ئەم سەردانەوە ئەو لوتکەیە ببەسترێت؟**

- من لەو باوەڕەدانیم بەهۆی بوونی ئۆباماوە لە تورکیا ئەو کۆبونەوەیە ئەنجام بدرێت، ڕەنگە ئەم کۆبونەوەیە بەهۆی بڕیاری حکومەتی تورکیاوە ئەنجام بدرێت، ئەگەر حکومەتی تورکیا، نەك ڕای گشتی تورکیا، بڕیاری ئەوە بدات حکومەتی هەرێمی کوردستان دوژمنی ئەو وڵاتە نییە و دۆستێتی، کە من لەو باوەڕدام حکومەتی تورکیا بەم دەرئەنجامە گەیشتووە. من پێموایە کۆبونەوەی دیکە ئەنجام دەدرێت، بەڵام نەك بەهۆی ئۆباماوە.

*** بەڵام ئەمەریکا هاوپەیمانێکی گرنگە و دەتوانێت ڕۆڵی نابژیوان ببینێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، هەروەها من باوەڕم وایە ئەگەر بارودۆخەکە بەرەوپێشچبێت ئەوا هاوکاری زیاتر لە نێوان هەردولادا دروست دەبێت.

*** سەردانی ئۆباما بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بوو کە تورکیا پێگەیەکی باشی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا داگیرکردووە، هەروەها هاندانی تورکیا بوو بۆ بیبینینی ڕۆڵێکی کاراتر لەکاروباری عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، ئایا ئەم سەردانە دەبێتە هۆی باشترکردنی پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی؟**

- پێموایە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و تورکیا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەعێراقدا، هەردوولا دژی دابەشکردنی عێراق و گرتنەدەستی دەسەڵاتن لەلایەن ئوسوڵییەکانەوە. لەبەر ەوەی ئاسانتر دەتوانن لەم ڕووەوە هاوکاری یەکتر بکەن، من پێموایە سەردانەکەی ئۆباما کەشێکی باشتر دروست دەکات بۆ ئەم هاوکاریە.

*** ئایا جیاوازی نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی بۆشدا هەیە لەپەیوەندیدا بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟**

- پێموایە جیاوازیەکە زیاتر لەچۆنیەتی کارکردندایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، بۆ نموونە ئۆباما بە چەشنی بوش دەیەوێت ئێران نەبێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، بەڵام ئۆباما ڕایگەیاندووە کە دەرگای دانوستان کراوەیە، لەکاتێکدا بوش هەوڵی سەپاندنی هەڵوێستەکانیدا دەدا و پتر توندی دەنواند.

*** ئۆباما ویستی لەڕێی تورکیاوە پەیامێك بۆ جیهانی ئیسلامی بنێرێت، ئایا تورکیا تا چ ڕادەیەك سەرکەوتوو دەبێت لەگەیاندنی ئەم پەیامە؟**

- من لەو باوەڕەدانیم ئەوە پەیامەکەی ئۆباما بوبێت بۆ جیهانی ئیسلامی و بەتێڕوانینی من دواتر و لەشوێنێکی دیکەدا ئەو پەیامە ئاڕاستەی جیهانی ئیسلامی دەکات و ئەو ڕاستیەی کە تورکیا وڵاتێکی ئیسلامیە هیچ پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نەبوو.

●●●

**لەبەر بوونی ئەو قەیرانە ئابووریەی لەجیهاندا دروستبووە، کەس بیر لەوەرگرتنی تورکیا وەک ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا ناکاتەوە**

●●●

●●●

**ئیدارەی ئۆباما بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ کار لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکات، بەشێوەیەک کە نزیکە لەو پێشنیارانەی لە لێکۆڵینەوەکەمدا ئاماژەم پێکردووە**

●●●



**باڵیۆز مارک پاریس باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئەنقەرە بۆ گوڵان:**

# ئۆباما دەیەوێت شەراکەتێکی هاوبەش لەگەڵ تورکیا دروست بکات

باڵیۆز مارك پاریس، لەسالّی ١٩٩٧-٢٠٠٠ باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکابووە لەتورکیا و ئێستاش بەڕێوەبەری پرۆژەی ٢٠٠٧ ی تورکیایە لەئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز و ڕۆڵیکی کاریگەر لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن دەبینێت. مارك پاریس وەك دبلۆماتێکی باڵای ئەمریکا، چەندین کاری دبلۆماتی کردووە لەوانە جیگری یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوین و نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بووە و هەروەها بەڕێوەبەری بەشی رۆژهەڵاتی نزیك و باشووری ئاسیا بووە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و یەکێك بووە لەنوێنەرانی ئەمریکا لەپرۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل و چاودێر بووە لەسەر سیاسەتی ئیحتوای دوولایەنەی عێراق و ئێران لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوو.
باڵیۆز پاریس، ئێستا لەئامۆژگای برۆکینگز بەرێوەبەری پرۆژەی دیراساتی تورکیە و بەدەیان دیراسەتی لەسەر بایەخی تورکیا بۆ ئەمریکا بڵاوکردۆتەوە و بۆچوونەکانیشی لەلایەن تورکیا بەتەقدیرەوە سەیردەکرێت، دوای سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا و بۆ تاوتوێکردنی ئامانجی ئەو سەردانە، بە پێویستمانزانی پەیوەندی بەباڵیۆز مارك پاریس بکەین و، بەڕێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**سەردانەکەی ئۆباما زۆر گرنگ بوو، چونکە کەم سەرۆکی ئەمەریکا هەبووە لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتدا سەردانی تورکیا بکات**

*** دوای چەندین ساڵ پەیوەندی ساردوسری نێوان ئەنقەرا و واشنتۆن، باراك ئۆباما سەردانی ئەنقەرای کرد، ئایا تاچەند ئەم سەردانە پەیوەنیەکانی نیوان هەردوولا رێکدەخاتەوە؟**
- ئەوە سەردانێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە کەم سەرۆکی ئەمەریکا هەبووە لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتدا سەردانی تورکیا بکات، ئەمە ڕەنگاندنەوەی ئەو تێڕوانینەیە لای ئۆباما و ڕاوێژکارە باڵاکانی کە تورکیا دەتوانێت وەك شەریکێك ڕۆڵ ببینێت لەچەند کێشەیەکی ئاڵۆز کە ئیدارەی نوێی ئەمەریکا هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنیان دەدات و کەوتونەتە ناوچەکانی دەوروبەری تورکیاوە. ئەمەش گرنگی و هۆکاری سەردانەکە بوو.

*** ئایا ئەم سەردانە دەبێتە هۆی باشترکردنی پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی؟**
- پێموایە ئەمەریکا بەرژەوەندیەکی بەهێزی هەیە لەبەردەوامبوونی ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی عێراق، وەك وڵاتێکی یەکگرتوو و بەهێز و گەشەکردوو، هەروەها ئەو ڕاستیەی لەبەرچاوبوو کە تورکیا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لەم ڕووەوە، هەروەها تورکیا هاندەدات بۆ درێژەدان بەو ڕۆڵە بنیاتنەرەی لەساڵی ٢٠٠٣ەوە بینیویەتی، لەنێویاندا پرۆسەی ئاشتبونەوە کە لەچەند مانگی ڕابردوودا لەگەڵ هەولێردا دەستی پێکراوە.

*** ئێوە بەحوکمی ئەوەی باڵیوزی ئەمەریکابوون لەتورکیا ئایا**

**جیاوازی نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی بۆشدا هەیە لەئاست تورکیادا؟**

- سەرۆك بوش زیاتر لەچوارچێوەی ئەجێندایەکی ئەمنیدا لەتورکیای دەڕوانی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەڕەوشی عێراق و دروستکردنی فشار و گۆشەگیرکردنی ئێران و سوریاوە هەبێت، واتە تا ڕاددەیەك ئیستیغلالکردنی تورکیای لەخۆدەگرت، بەڵام سەردانی تورکیا لەلایەن سەرۆك ئۆباماوە لەکاتێکی زوودا و جەختکردنەوە لەسەر شەراکەتی هەردوو وڵات، ئەوەی خستەڕوو کە ئۆباما شێوازێکی جیاواز دەگرێتەبەر، ئەم شێوازە جیاوازەش ئەوەیە وەك شەریکێکی یەکسان لەتورکیا دەڕوانرێت لەپەیوەندیەکانی نێوانیاندا و پتر ڕاوبۆچونی تورکیا لەبەرچاو دەگیرێت، بێ ئەوەی تێڕوانین و تێگەیشتنی ئەمەریکا بەسەر تورکیادا بسەپێنرێت.

*** کۆبوونەوەی سەرۆك ئۆباما لەگەڵ ئەحمەد تورك سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەنگاوێکی نوێیە لەسیاسەتی ئۆبامادا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیەکانی تورکیا، لەنێویاندا کیشەی کورد، ئایا لەو باوەڕەدایت ئۆباما ڕۆڵ ببینێت لەیەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیەدا؟**

- سەرۆك ئۆباما کۆبونەوەی لەگەڵ تێکڕای سەرکردە سیاسیەکاندا ئەنجامدا ئەوانەی نوێنەراتیان هەیە لە پەرلەماندا، کۆبونەوەشی لەگەڵ بەڕێز تورکدا دەبێت لەم چوارچێوەیەدا بخوێنرێتەوە، ئەمەریکا پشتگیری لەهەوڵەکانی تورکیا دەکات بۆ ئەوە هەلی یەکسان بۆ تێکڕای هاوڵاتیانی وڵاتەکە بڕەخسێنرێت و نابێت کۆبونەوەی لەگەڵ ئەحمەد تورکدا وەك هەوڵێك بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی تورکیا لێکبدرێتەوە.

*** لیدوانەکانی ئۆباما لە تورکیا هەمەلایەن بوون، بۆیە دەکرێت بەو ئاراستەیەش سەیر بکرێت، ئایا ئەم لیدوانانەی تورکیا، ئەوەی لێ ناخوینرێتەوە هاندانیکیش بێت بۆ دەولەتانی دیکەی جیهانی ئیسلامیش؟**

- پێموایە جیاوازی هەیە لەنێوان لێدوانەکانی ئۆباما و ئەو شێوازەی ئیدارەی بوش گرتیەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، چەند لایەنێك لە ناو ئیدارەی بۆشدا باسیان لەوە دەکرد دەکرێت تورکیا ببێتە مۆدیلێك بۆئەوەی لەشوێنەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی دووبارە بکرێتەوە، بەڵام هەوڵی بنیاتنانی شەراکەتێك لەگەڵ تورکیادا کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە و تێگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر بەرژەوەندیە هاوبەشەکان بێت مەسەلەیەکی جیاوازە، واتە ئیدارەی بوش جەختی لەسەر ناسنامەی تورکیا دەکردەوە، لەکاتێکدا ئیدارەی ئۆباما هەوڵدەدا تورکیا ببێتە شەریکێك بۆ ئەمەریکا و ڕۆڵی بنیاتنەر ببینێت، نەك وەك مودێلێك لێی بڕوانرێت بۆ وڵاتانی دیکە کە خاوەنی مێژوو و کولتووری جیاوازن.

*** هەندێ لەچاودێران پێیانوایە سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێراندایە، ئایا تورکیا دەتوانێت ڕۆڵی نابژیوان ببینێت لەم ڕووەوە؟**

- ئەمەریکا لەسەرەتای پرۆسەی هەوڵداندایە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێراندا و تورکیا پەیوەندیەکی گرنگی لەگەڵ ئێراندا هەیە و دەکرێت ئەم پەیوەندیانە بەکاربهێنرێت بۆ یارمەتیدانی ئەمەریکا لەم هەوڵانەیدا. هەروەها گرنگە دوای سەردانەکەی هیلاری کلینتۆن بۆ تورکیا، عەبدوڵڵا گویل سەردانی ئێرانی کرد و چاوی بەسەرکردەی باڵای ئەو وڵاتە کەوت و ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئیدارەی ئۆباما جیدیە لەهەوڵەکانیدا، من پێموایە ئۆباما ڕێز لەپەیوەندی و بەرژەوەندیەکانی تورکیا و ئێران دەگرێت و خوازیارە بوونی ئەم پەیوەندی و بەرژەوەندیانە لەگەڵ ئێراندا بەکاربهێنرێت بۆ یارمەتیدانی لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەدا.

*** دەزانین کە ئۆباما لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەرنامەی سازکردنی لوتکەیەکی هەبوو لەنێوان کوردەکانی عێراق و سەرۆك وەزیرانی تورکیادا، ئایا چاوەڕێ دەکرێت لەئەنجامی ئەم سەردانەوە ئەو لوتکەیە ببەسترێت؟**

- لەو باوەڕەدام دەبێت هەردوولایەنی گفتوگۆکار لەسەر بنەمایەك و بەرەوتێك دانوستان ئەنجامبدەن کە جێی ڕەزامەندی هەردوولابێت، هەروەها دەبێت هەموولایەك خۆشحاڵ بن بەو هەوڵانەی لەچەند مانگی ڕابردوودا دراون بۆ دانانی بناخەیەك بۆ پەیوەندیەکی ڕاست و دروست و درێژخایەن، گرنگ ئەوەیە درێژە بەم هەوڵانە بدرێت و بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆ لەسەر بناخەیەکی گونجاو و ل کاتی گونجاودا و من پێشبینی ئەوە ناکەم ئەمەریکا لەم ڕووەوە فشار لەسەر هیچ لایەك دروست بکات.

**ئۆباما هەوڵدەدا تورکیا ببێتە شەریکێک بۆ ئەمەریکا و ڕۆڵی بنیاتنەر ببینێت، نەک وەک مودێلێک لێی بڕوانرێت بۆ وڵاتانی دیکە کە خاوەنی مێژوو و کولتووری جیاوازن**





## فیدراڵییەت و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە

# بەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات

**لەپـــرۆژەی دەســـتووری هەرێمی کوردســـتاندا ئـــەو مافە بەنەتەوەکانـــی کوردســـتان دراوە، خۆیـــان مافەکانی خۆیان دیاری بکەن، پێکهاتەکانی کەرکوویش خۆیان لەناو دەستووری کوردســـتاندا ئیدارەی شـــارەکەیان لەناو هەرێمی کوردستاندا دیاریدەکەن**

❊❊❊

بەشی زۆری مێژووی گەلی کوردستان، مێژووی نەهامەتی و کارەسات بووە، بۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کۆتایی بە مێژووی نەهامەتی و کارەســـات بێت و مێژووی پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی و یەکسانی دەست پێبـــکات. بەڵام بەداخەوە ئەم ئامانجـــە لەناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی دەســـەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها بە



بڕیار و یاساکانی هەرێمی کوردستان نایەتەدی، بۆیە هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە، ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێبەجێبکرێت و تێکڕای کوردستانیەکان بە کورد و تورکمان و عەرەب و کریستیانەوە، لەسنووری هەرێمی کوردستاندا خۆیان شێوازی ژیان و ئاییندەی خۆیان دیاریبکەن. کەواتە لەهەرێمی کوردستاندا پێکهاتە جیاوازەکان ئەوجا کورد بن یان تورکمان یان کریستیان یان عەرەب، داوا لەحکومەتی کوردستان ناکەن دەستووری هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەن، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەسپاندنی مافی هەموو پێکهاتەکان لەناو دەستووردا دەستێوەردان ناکات و ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکان خۆیان لەناو دەستوورەکە دیاریدەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریان دەکات بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت. هەربۆیە کاتێك کریستیانەکان داوا دەکەن دەمانەوێت هەموو کریستیانەکانی کوردستان بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، لەناو سنووری هەرێمی کوردستاندا مافی خۆبەڕێوەبردنیان پێبدرێت، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەك هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە موناقەشەیان ناکات، بەڵکو پێیان دەڵێت خۆتان چیتان پێباشە ئەوە لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا بنووسن، یان کاتێك تورکمانەکانی کەرکوك داوا دەکەن دەستووری هەرێمی کوردستان زامنی مافەکانیان بکات، نەك هەر حکومەتی کوردستان، بەڵکو دەستەبژێری رۆشنبیر و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناو هەولێر پێشوازی لەنوێنەرانی برایانی تورکمانی کەرکووك دەکەن و پێیان دەڵێن، دەتانەوێت چۆن هاوکاریتان بکەین، لەم کۆڕ و کۆبوونەوانەی لەکەشوهەوای ئازاد و سەقامگیری شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت، هەندێك پرسیار و راگۆڕینەوە دروستدەبن، کە نەك لەوڵاتانی دەوروبەر بەڵکو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوینیش وەك تابوویەك سەیر دەکرێت. هەر بۆ نموونە، ئەوە هاووڵاتیانی کوردە لەناو هەرێمی کوردستان بەبرا تورکمانەکانی کەرکوك دەڵێت، ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە ناو هەرێمی کوردستان لەگەڵ برا تورکمانەکانتان لەهەرێمی کوردستان یەکدەگرنەوە و دەبنە نەتەوەی دووەم لەکوردستان، بەڵام لەگەڵ عێراقدا دەبنە کەمینەیەك کە جێگەی دەستتان دیار نابێت و بەسەر مەزهەبی سوننە و شیعە دابەش دەبن، بەڵام لەکوردستان وەك نەتەوەی تورکمان وێڕای ئەوەی هەموو مافەکانتان دابین دەکرێت، وێڕای ئەوەی لە کەرکوك و هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان بەشداری بەڕێوەبردنی ئیدارەی پارێزگاکان دەکەن، لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا بەقەوارەی خۆتان بەشداری حکومڕانی کوردستانیش دەکەن، ئەوە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانە کێشەی لەگەڵ یەکسانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان نییە و هەموویان بەهاووڵاتی کوردستان دەزانێت، بۆیە ئەگەر کێشەی ناوچە دابڕاوەکان نەمێنێت و دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، لەوانەیە ئەوە ئێستا هەندێك ناحەز وەك کێشە بەگەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێدەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییانە وەك خاڵی بەهێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەیردەکات، لای دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ئەوەی کێشە نەبێت ئەوەیە پارێزگاری موسڵ عەرەب بێت یان عەرەب نەبێت،

●●●

**ئەوە هاووڵاتیانی کوردە لەناو هەرێمی کوردستان بەبرا تورکمانەکانی کەرکوک دەڵێت، ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە ناو هەرێمی کوردستان لەگەڵ برا تورکمانەکانتان لەهەرێمی کوردستان یەکدەگرنەوە و دەبنە نەتەوەی دووەم لەکوردستان، بەڵام لەگەڵ عێراقدا دەبنە کەمینەیەک کە جێگەی دەستتان دیار نابێت و بەسەر مەزهەبی سوننە و شیعە دابەش دەبن**

●●●

●●●

**ئەوە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانە کێشەی لەگەڵ یەکسانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان نییە و هەموویان بەهاووڵاتی کوردستان دەزانێت**

●●●

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەر هەنگاوێکی لە گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا پەترۆڵییە جیهانییەکان کردوویەتی، دژی دەستووری عێراق بێت، لێی پاشگەزبێتەوە، ئەمە گەورەترین ئاسانکاری و پێشکەشکردنی گەورەترین گەرەنتیە بۆ ئەوەی عێراقیەکان لەوە تێبگەن کە گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەسەلەی خاکە و پێوەندی بە داهاتەوە نییە**

ئەوەی بەلای دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە کێشە نەبێت ئەوەیە پارێزگاری کەرکوك تورکمان بێت یان کورد بێت، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، ئەم وردەکاریانەی بە جێهێشتووە بۆ دەنگدەران و پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو ناوچانە، ئەوان چۆن خۆیان ڕێکدەخەن و چۆن ئیدارەی پارێزگاکەی خۆیان دەکەن، گرنگ ئەوەیە لە دەستووری عێراق لانەدەن و بڕوایان بە فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی کوردستان هەبێت، ئەوجا ئەگەر پارێزگارێك کورد بێت و ئینکاری مافی تورکمان وکریستیان و تەنانەت عەرەبیش بکات، ئەوا لە دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان لایداوە و دەبێت ئەو پێشلکارییە رابگیرێت، ئەمە ئەگەر پارێزگارێکی عەرەب یان تورکمانیش بیکات هەر دەبێت رابگیرێت، بۆیە کێشەکە ئەوەنییە، لە موسڵ دورەید کەشمولە کە برایەکی عەرەبە پارێزگاری موسڵ بێت یان ئەسیل نەجەفی، کێشەی ئێمە ئەوەیە دورەید کەشمولە بڕوای بە دەستووری عێراق هەیە و پابەندە پێوەی و ئەسیل نەجەفی کە ئێستا نەبۆتە پارێزگار هەڕەشەی پێشێلکردنی دەستوور دەکات، لەکەرکویش مەسەلەکە ئەوەنییە کوردێك یان تورکمانێك پارێزگار دەبێت یان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگار دەبێت، ئەوەی گرنگە کورد بێت یان تورکمان پابەند بێت بە دەستوور و دژی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و پرانسیپی پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجان نەبێت، لای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەڵبژاردن و دەنگدان بەو مانایە نییە، کورد زۆرینە بێنێت بۆ ئەوەی مافی ئەوانی دیکە پێشێل بکات، نەخێر ئەوەی لای سەرکردایەتی کوردستان گرنگە ئەوەیە، لایەنگیرانی عێراقی نوێ زۆرینە بن، بۆ ئەوەی دوژمنانی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، ئاستەنگ بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ دروست نەکەن، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان وەك مەسەلەیەکی هەستیار سەیری کێشەی ناوچە دابڕاوەکان دەکات، هەربۆیە هەوڵدەدات ئەو پێشکەوتنەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەستیارە، بە ڕێگەی یاسایی و لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا هاتۆتە دی بە بیری شۆڤێنی چەند کەسێك و بە خەونی گەڕانەوەی عێراقی کۆن لە بار نەچێت، بۆیە دوا لەوانە دەکات کە لە ناو عێراقدا خۆیان بە لایەنگیری عێراقی نوێ دەزانن، ئەوانەشی وەك هاوپەیمان خۆیان بە هاوکاری بونیادنەوەی عێراقی نوێ دەزانن، ئەم کێشەیە بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، هەوڵبدرێت چارەسەر لەسەر ڕێگەی راست بەرەو پێشەوە بەرن، نەك بیگێڕنەوە بۆ دواوە.

## هەستیاری کێشەی ناوچە دابراوەکان و مەترسیەکانی جێبەجینەکردنی مادەی ١٤٠

چۆن ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەچوارچێوەی هەنگاوەکان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکرێت، دەبێتە ئومێدێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە، بە هەمان شێوە هەر ئاستەنگ دروستکردنێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەبێتە سەرچاوەی نائومێدی بۆ ئایندەی عێراق و تەواوی ئاسایشی هەرێمیی لەناوچەکەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە وردی لە هەستیاری ئەم دۆسیێ گرنگە تێدەگات، بۆیە کاتێك دەبینێت چارەسەری ئەم دۆسیێ گرنگە پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە، بە مەرجێ کاتە زیادەکە بۆ ئەوە نەبێت ماددەی ١٤٠ پشتگوێ بخرێت، بوار دەدات کاتی زیاتری پێبدرێت، بۆ ئەوەی کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. ئەگەر دەرگاکان لەسەر چارەسەری ئاشتی دابخرێت، ئەوا پریشکی ئاگری ئەم کێشەیە ناوچەیەکی فراوانتر دەگرێتەوە و ئایندەی ناوچەیەك نەك تەنها عێراق دەخاتە مەترسیەوە.

ئەوانەی لە مانای پەیامی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تێدەگەن کە راشکاوانە بە هەموو جیهانی راگەیاندووە بەوەی (پابەندبوونی کورد بە یەکپارچەیی عێراقەوە، لەبازنەی پابەندبوونە بە دەستووری عێراقەوە، ئەگەر ئەو دەستوورە پێشێل بکرێت ئەوا هیچ پابەندبوونێك لەسەر کورد نامێنێت، یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت) ئەمە یەك مانای هەیە و دەبێت لایەنە پەیوەندارەکان لەسەر ئاستی عێراق و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە هاوکاری عێراقیەکان بن ئەو دەستوورەی دەنگیان پێداوە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر ئەمە لەبەرچاو نەگیرێت ناتوانرێت ئەگەری ڕوودانی ئەم مەترسیانە دوور بخرێتەوە:

١- کورد بڕیاریداوە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە عێراقدا بمێنێتەوە، بێگومان چەمکی ئارەزوومەندانە واتە پاش ئەوەی هەموو ئەو مافانەی لەدەستووری عێراق بۆی دیاریکراوە دەسەلمێنرێت، کورد مافی خۆیەتی بەراوردی مانەوەی لەگەڵ عێراقدا لەگەڵ جیابوونەوەی بەراورد بکات، هەروەك چۆن کیبیکیەکانی کەنەدا و کەتەلۆنییەکانی ئیسپانیا، کە ئەو بەراوردکارییە دەکەن، مانەوەیان لەگەڵ کەنەدا و ئیسپانیا بە بەرژەوەندی دەزانن. ئەگەر ئەم مافە لەکورد بسەنرێتەوە، ئەوا کورد ناچار دەبێت بیر لە ڕێگەی دیکە بکاتەوە.

٢- ئەگەر بە بیانووی ئەوەی گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەنگاوێك دەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتی نەوتی کەرکوك، ئەوا کورد ئامادەیە ئەم مەترسیە بە یاسای دابەشکردنی داهاتی سەرچاوە سروشتیەکان بۆ هەمووان بڕەوێنێتەوە، زیاد لەمەش وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ ملف پریس جەختی لەسەر کردووە، بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەر هەنگاوێکی لە گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا پەترۆڵییە جیهانییەکان کردوویەتی، دژی دەستووری عێراق بێت، لێی پاشگەزبێتەوە، ئەمە گەورەترین ئاسانکاری و پێشکەشکردنی گەورەترین گەرەنتیە بۆ ئەوەی عێراقیەکان لەوە تێبگەن کە گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان

**هەرێمی کوردستان بە کەرکوک و تەواوی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، هەرێمێک دەبێت لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵی، ئەمەش تەنها ڕێگەیە بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا**

بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەسەلەی خاکە و پێوەندی بە داهاتەوە نییە، بەڵام ئەگەر بیانەوێت لەمە تێ نەگەن، ئەوا ئەگەری ڕێگەچارەی دیکە واڵا دەبێت، کە زەنگی مەترسی گەورە لێدەدات.

٣-دەوڵەتی تورکیا کە گەیشتە ئەو ڕاستیەی بێجگە لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە، عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، بۆیە زۆر بوێرانە بەڕێز عەبدوڵڵا گویل سەرۆك کۆماری تورکیا لەکۆبوونەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، ئاماژەی بەوەکرد ئەوەی لەدەستووری عێراقدا هاتووە تورکیا ئامادەیە دانی پێدا بنێت و مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەمەش واتە:

أ- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو دەستوورەدا ئیعترافی پێکراوە و دەسەڵاتەکانی بۆ دیاریکراوە، کەواتە تورکیا ئامادەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە بکات و ڕێز لە دەسەڵاتەکانیشی بگرێت.

ب- دەستووری عێراق بە ماددەی ١٤٠ میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی دەستنیشانکردووە، بۆیە کورد داوا دەکات گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بەپێی دەستووری عێراق بێت، بەمشێوەیە تورکیا هیچ گرفتێکی لەگەڵ ئەو چارەسەرە دەستوورییە نابێت.

ئەم حاڵەتە کێشەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانی بەرەو کرانەوە بردووە، بۆیە ئێستا ئەوەی لەگەڵ تورکیا باسی نەکرێت، یان ئەوەی تورکیا وەك مەترسی سەیری نەکات، مەسەلەی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانە لەعێراق، تورکیا گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی ئەگەر دژی دەستووری عێراق ڕابوەستێت، ئەوا بڕیاری سەربەخۆیی و جیابوونەوە لەعێراق دەبێتە ئەمری واقیع و تورکیا دەکەوێتە دووڕیانێك، یان دەبێت ئیعتراف بەو دەوڵەتە بکات، یان دەبێت دەستێوەردان بکات، بێگومان کە ئیعترافکردن کارێکی قورس دەبێت، ئەوا دەستێوەردانەکەی لە یەکێتی ئەورپا کە خەونی دەیان ساڵەیەتی دووردەخاتەوە، بۆیە نزیککردنەوەی ڕێگەی دوور و دوورخستنەوەی گرفت و هاریکاری بۆ عێراقێکی سەقامگیر و دیموکراسی پشتگیریکردنە لە دەستووری عێراق. ئەم هەنگاوە ڕاستە ئێمەی کوردستانی پێشوازی گەرمی لێدەکەین، بەڵام تورکیاشی لە یەکێتی ئەورپا نزیککردۆتەوە.

٤-حکومەتی ئێستای عێراقیش دەبێت یان پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی دەستوور و بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی دووپاتبکاتەوە، یان حکومەتی عێراق خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ هەڵوەشانەوەی عێراق، لەم حاڵەتەشدا وەك پیتەر گالبریس دەڵێت: (ئەوە کۆتایی عێراق دەبێت) بێگومان کۆتایی عێراقیش کۆتایی سەردەمی ئەمریکا دەبێت لەرۆژهەڵاتی ناوین، بۆیە زۆر گرنگە پێش ئەوەی ئەم مەترسیانە ببنە مەترسی جدی، ئەمریکا ڕۆڵی خۆی لەچارەسەرکردنی ئەم کێشە هەستیارە لەبیر نەکات.

## ڕۆڵی ئەمریکا لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکاندا، یارمەتیدانی ئەو کەسانەیە کە لەدیموکراسی تێناگەن

بەبێ سەنگی ئەمریکا و بەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا، نەتەوەیەکگرتووەکان یان یۆنامی دەرەقەتی ئەم کێشە ئاڵۆزە نایەت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم کێشەیە لەسەرووی هەموویانەوە پەرلەمانی عێراقیش دیموکراتی و دیالۆگی پەرلەمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەستیارەکان بە گوریس ڕاکێشانی زۆرینەو کەمینەی ناو پەرلەمان دەزانن، بۆیە دەبێت هێزێکی کاریگەری وەك ئەمریکا هەبێت، کە ببێتە پشتیوانی یۆنامی و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، هێزێکی وەك ئەمریکا هەبێت راشکاوانە ئەم ڕاستیانە لەو کەسانە بگەیەنێت، کە نایانەوێت تێبگەن:

١- ئەوانەی لە گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان دەترسن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەمریکا راشکاوانە لەوە دڵنیان بکاتەوە، کە هەرێمی کوردستان بە کەرکوك و تەواوی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، هەرێمێك دەبێت لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵی، ئەمەش تەنها ڕێگەیە بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا.

٢- دەبێت ئەمریکا راشکاوانە بە عێراقییەکان بڵێت، هەرێمی کوردستان بەشێك بێت لەعێراق کەرکوکی هەر لەگەڵ دەبێت و ئەوکاتە هەرێمی کوردستان بەشێك دەبێت لەعێراق، ئەگەر هەرێمی کوردستان جیاش بێتەوە هەر کەرکوکی لەگەڵ دەبێت، کورد ئامادە نییە لەسەر ناسنامەی کەرکوك سازش بکات، بۆیە باشترە کەرکوك و هەرێمی کوردستان بەشێك بن لەعێراق.

٣- دەبێت ئەمریکا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، لەیاسای دابەشکردنی داهاتی سامانی نەوت و غاز و عێراقیەکان لەوە دڵنیابکەنەوە کە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نەك هەر داهاتی نەوتی کەرکوك، بەڵکو داهاتی نەوتی زاخۆ و شیواشۆکیش وەك داهاتی نەوتی بەسرا بۆ هەموو عێراقیەکان دەبێت.

کەواتە ڕۆڵی ئەمریکا بۆ ئێستای عێراق لەهەموو کاتێك گرنگترە، بۆیە دەشڵێین گرنگە لەبەرئەوەی لەگەڵ باسکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، چەمك و بیروبۆچوونی دژ بە پرۆسەی دیموکراسی و دژ بە پابەندبوون بەدەستوور و دژ بە فیدراڵیەت و عێراق وەك نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب زیاتر دەبێت، بۆیە هەموو ئەمانە دەبنە دژی چەمکی کشانەوەی بەرپرسانەی ئەمریکا لەعێراق و کشانەوەی نابەرپرسانەش وەك سەرۆك ئۆباما ئاماژەی پێکردووە، چ کارەساتێك بەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوین دەهێنێت.

ڕۆڵی ئەمریکا بۆ ئێستای عێراق لەهەموو کاتێك گرنگترە، بۆیە دەشڵێین گرنگە لەبەرئەوەی لەگەڵ باسکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، چەمک و بیروبۆچوونی دژ بە پرۆسەی دیموکراسی و دژ بە پابەندبوون بەدەستوور و دژ بە فیدراڵیەت و عێراق وەک نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب زیاتر دەبێت

# کورد و ئۆباما و بەغدا



سامی شۆرش

لە سەردانە کتوپڕەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما بۆ بەغداو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرانی عێراق و کوردستان، چەند راستییەکی گرنگ لە بارەی رێبازە تازەکەی ئیدارەی ئۆباما بەرجەستەبوو، کە لە ئەدەبییاتی سیاسیدا بە رێبازی دایەلۆگ بەناوبانگە، گەورەترین ئەو راستییانە ئەوە بوو کە بانگەشەی ئۆباما بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە لەرێگەی شێوازی دایەلۆکەوە، نەك هەر هیچ مەترسییەك بۆ سەر دوارۆژی سیاسیی کورد لە ناو عێراق دروست ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە رەنگە خاڵێکی زۆر بەهێز پێك بهێنێت بۆ گەشەپێدان و بەرەو پێشبردنی ئەو دوارۆژە.

بەر لەوەی بێینە سەر وردەکارییەکانی هەندێك لە بایەخە گرنگەکانی سەردانی ئۆباما بۆ عێراق، وا چاکە پێشتر، هێما بۆ دوو خاڵی بەرچاو بکەین سەبارەت بە پێگەی هەردوو ئیدارەی ئێستاو پێشووی کۆشکی سپی بەرامبەر بە هەلومەرجە سیاسییەکەی میللەتی کورد لە ناو دەوڵەتی عێراقدا:

یەکەم، سەرۆك ئۆباماو سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا جۆرج بوش دوو قۆناغی دژ بە یەك نین، بەڵکو دوو قۆناغی تەواوکەری یەکترن، گەرچی بە شێوەیەکی گشتی بە جیاواز دێنە بەرچاو بە تایبەتی لە بواری رەفتار بەرامبەر بە کێشەکانی عێراق، قۆناغی یەکەم، باوەڕی وا بوو، راستی دەکرد لەو باوەڕەیدا، کە تەنیا بە چەك و بە شەڕ عێراق لە بەدکارییەکانی دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن رزگاری دەکرێت. قۆناغی دووەمیش کە هی ئۆبامایە، زۆرتر بایەخ بە قۆناغی دوای سەدام دەدات و پێی وایە، دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراسیی تازە، واتە عێراقی دوای رژێمی سەدام، تەنیا بە دایەلۆگ و دەستوور و شێوازی سیاسی جێبەجێ دەکرێت، لەبەر رۆشنایی ئەو راستییەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین سەرۆك بوش تا رادەیەك بەرژەوەندییەکانی کوردو پێکهاتەکانی دیکەی عێراقی دەخستە پاش بەرژەوەندییە ئەمنی و سەربازییەکانی خۆی بە هۆی قورسایی باری شەڕ، سەرەتا بەرامبەر بە سەدام و دواتر بەرامبەر بە تیرۆریستان و پاشماوەکانی سەدام.

بەڵام ئۆباما لە ناو بازنەی سیاسەتە تازەکەدا، واتە سیاسەتی دایەلۆگ، بەرژەوەندییەکانی کورد، وەك لە سەردانەکەی ئەم دواییەیدا بۆ بەغدا دەرکەوت، دەخاتە ناو پرۆسەی چارەسەری کێشە سیاسی و دەستوورییەکانی عێراق، ئەمەش وەك مەعلوومە، قازانجێکی گەورە بە پرۆسەی سیاسی کورد دەگەیەنێت چ لە ئەمڕۆو چ لە دوارۆژدا.

دووەم، سەرکردایەتی سیاسیی کورد، بە تایبەتی جەنابی سەرۆکی کوردستان هێژا مەسعود بارزانی، دەمێکە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە کێشەکانی کورد لە ناو عێراقی تازەدا، نەك بە توندوتیژی و چەك، بەڵکو تەنیا بە شێوازی دەستووری و سیاسی و یاسایی چارەسەر دەکرێت. بۆیە، کە ئۆباما دێت و هانی حکومەتی فیدرالی عێراق و پێکهاتە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق دەدات بۆ ئەوەی لە رێگەی دایەلۆگ و دەستوورەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئەوا نەك هەر مەودای قازانجێکی گەورە لەبەردەم کورد دەکاتەوە، بگرە هاوتەباییەکیش لە نێوان زمانە سیاسییەکەی واشنتۆن و هەولێر دروست دەکات. ئەم خاڵە، رەنگە لە دوارۆژێکی نزیکدا قازانجێکی ستراتیژی بە مەسەلەی کورد لە ناو عێراق بگەیەنێت.

بە هەر حاڵ، پێ دەچێت ئۆباما زۆری بە لاوە گرنگ بووبێت لە دوای تەواوبوونی سەردانەکەی بۆ تورکیا، یەکسەر سەردانی عێراقیش بکات بێ ئەوەی گوێ بداتە بارودۆخە تۆزاوییە خراپەکەی کەشوهەوای ئەو رۆژانەی بەغداو، بێ ئەوەی گوێ بداتە هەلومەرجە ئەمنییە خراپەکەی دە رۆژی رابردووی عێراق، ئۆباما دوای دابەزینی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا لە بنکەی سەربازیی ڤیکتۆری کە یەك لە بنکە سەربازیە گرنگەکانی ئەمەریکایە لەنێو فڕۆکەخانەی بەغدا، چەندین کۆبوونەوەی سازکرد لەگەڵ سەرۆکی کوردستان مسعود بارزانی و سەرکۆماری عێراق جەلال تالەبانی و سەرۆك وەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری ئەلمالیکی .

دیارە، ئۆباما زۆری مەبەست بووە لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا، کە رۆژگاری مەترسییەکانی تەقینەوەی مەودایەکی دیکەی توندوتیژی و تیرۆر لە شارەکاندایە بە تایبەتی لە بەغدا، سەردانی عێراق بکات و چاوی بە بەرپرسە گەورەکانی بکەوێت، چونکە عێراق، وەك زۆربەی چاودێران دانی پێدا دەنێن، لەم قۆناغەدا بە هۆی چەندین فاکتەری ناوخۆیی و ناوچەییەوە، پێویستیی زۆری بە سەردانێکی لەو بابەتە هەیە،

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

به تایبەتی لەلایەن سەرۆكی ئەمەریكاوە:

لەلایەك، ئەمەریكا و عێراق هەر لە سەردەمی سەرۆك بوشەوە بە یەكەوە ڕێكەوتننامەیەكی ئەمنی و سەربازییان مۆر كردووە بۆ كشاندنەوەی هێزە سەربازییەكانی ئەمەریكا لە تەواوی خاكی عێراق، دواتر ئۆباما رایگەیاند كە سەقفە زەمەنییەكەی كشاندنەوەكە لە هەژدە مانگ تێپەڕ ناكات. بۆیە، پێویستە سەرۆكی تازەی ئەمەریكا، لە سەر ئەرزو لە ناو مەیدان، راستەوخۆ ئاگاداری خۆئامادەكردنەكانی سوپای وڵاتەكەی بێت لە شارەكانی عێراق و لە تەواوی ئەرزی ئەو وڵاتەدا بۆ كشانەوە لە ماوە دیاریكراوەكەدا.

لەلایەكی دیكەوە، هەلومەرجی پڕۆسەی سیاسی لە ناو عێراقدا تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێت، بە تەنگوچەڵەمەیەكی ئاڵۆزو ناخۆش تێدەپەڕێت و دووچاری كێشەی زۆر هاتووەو، حكومەتی نوری ئەلمالیكی تا ئێستا نەیتوانیووە فایلە ناكۆكەكانی خۆی لەگەڵ پێكهاتەكانی عێراق بە شێوەیەكی دیموكراسییانەو دەستوورییانە چارەسەر بكات. بۆیە، ئەگەری تەقینەوەی ئەمنی و سیاسی لە عێراقدا تا دێت زۆرتر دەبێت و دوور نییە تەقینەوەكە لە هەندێك ناوچەو شاردا بگاتە ئاستێكی خوێناوی ئەوتۆ كە ئیتر هێزە سەربازیەكانی ئەمەریكا ناچار بن بۆ ماوەیەكی درێژتر لەوەی بۆیان داندراوە، لەو شوێنانەدا بمێننەوە.

سێیەم، راستە بەر لە گەیشتنی بە كۆشكی سپی ساڵی رابردوو ئۆباما سەردانی عێراقی كرد بوو. لە نزیكیشەوە هانی بەرپرسە گەورەكانی عێراقی دا بوو كە بە دایەلۆگ و شێوازی سیاسی، هەوڵی چارەسەركردنی كێشەكانیان بدەن، بەڵام ئێستا، دوای ئەوەی لە ئەنجامی هەڵبژاردن، لە مانگی نۆڤەمبەری رابردوو، وەك سەرۆك گەیشتە كۆشكی سپی، ئیتر دیارە پێویست دەكات رووبەڕوو ئەو پەیامە بگەیەنێتە بەرپرسە گەورەكانی ئەو وڵاتەو پێیان بڵێت كە پێویستە لەمەودوا لە جیاتی دابڕان و زمانی زبر، بایەخ بە دایەلۆگ و سیاسەت بدرێت بۆ پەلەكردن لە چارەسەركردنی كێشەكانییان. مەعلومە، چەندین چاودێری سیاسی پێیانوایە كێشەكانی عێراق، بە تایبەتی كێشە گەورەكانی وەك ماددەی ١٤٠ و یاسای نەوت و گاز، بەر لە كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا بە شێواوی سیاسی و دەستووری چارەسەر بكرێت، چونكە ئەگەر خرایە دوای كشانەوەی هێزەكان، دوور نییە، چارەسەرنەكرێن و ببنە هۆكاری تەقینەوەی شەڕی ناوخۆو پەكخستنی پرۆسەی دیموكراسی لە عێراقدا.

بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین سەردانەكەی سەرۆكی ئەمەریكا بۆ بەغدا، لە كاتێكی گونجاو هاتە پێش و تاڕادەیەكی زۆریش ئامانجەكانی خۆی پێكا، لەو سەردانەدا ئۆباما لە نزیكەوە دەستی خستە سەر كێشەكانی ناوخۆی عێراق و بە ئاشكرا بە هەموو لایەكی راگەیاند، كە پێویستە بە هۆی جێبەجێكردنی دەستوور كێشەكان چارەسەر بكرێن.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەو بوارەدا ئەوەیە كە جەنابی سەرۆكی كوردستان هێژا مسعود بارزانی رۆڵی گەورەی هەبوو لەوەی ئۆباما بە شێوەیەكی روونتر كەموكورتییەكانی ناو پڕۆسەی سیاسیی عێراق ببینێت و بانگ بۆ چارەسەر كردنیان بە شێوازی دەستووری هەڵبدات. جەنابی سەرۆك لە دیدارەكەیدا لەگەڵ ئۆباما، وەك ئامرازەكانی راگەیاندن بڵاویان كردەوە، پێداگری لەسەر چەندین خاڵی گرنگ كرد بوو وەك چارەسەر دەستووری و مەبدەئی هاوبەشیی هەموو عێراقییەكان لە حوكم.

دواتر ئۆباما لە راگەیاندنەكانی خۆیدا، هەر لە بەغدا، پێ داگری لەسەر چەندین لەو خاڵانە كرد كە جەنابی سەرۆك لە دیدارەكەیدا لەگەڵ سەرۆكی ئەمەریكا لێیان دوابوو، یەك لەو خاڵانە مەسەلەی فراوان كردنی پڕۆسەی سیاسی و حكومەت بوو تا هەموو عێراقییەكان بە شێوەیەكی كاریگەرانە بەشداری تێدا بكەن، واتە مەبدەئی هاوبەشی لە حوكم لە سەر بنەمای كاریگەری. خاڵێكی دیكەی ئۆباما، ئەوە بوو كە دەبێت دەستووری هەمیشەیی عێراق سەرچاوەی چارەسەری هەموو كێشەكان بێت. ئەمەش، وەك مەعلومە، هێمایەكی راستەوخۆیە بۆ ماددەی ١٤٠ و پێویستیی جێبەجێكردنی بە پێی دەستوور. بە هەر حاڵ، دوو بایەخی گەورەی سەردانەكەی ئۆباما بۆ بەغدا ئەوە بوو كە بە ئاشكرا رووی لە حكومەتی عێراق كردوو داوای لێكرد لە ڕێگەی دەستوورو هاوبەشیی سیاسی كێشەكان چارەسەر بكرێن. بێگومان، ئۆباما بە ئاشكرا هێمای بۆ ئەوەش كرد كە عێراق چەندین مانگی پڕ زەحمەتی لە پێشە. واتە دوور نییە، هەوڵی زۆر لە لایەن دوژمنانی عێراقی تازەوە بدرێت بۆ ڕێگەگرتن لە دەستوورو چارەسەركردنی كێشەكان بە شێوەی دەستووری.

بە هەر حاڵ، سەردانی ئۆباما راستییەكی دیكەی گرنگی لە بارەی پەیوەندییەكانی كورد و ستراتیژی تازەی ئۆباما لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا خستەڕوو كە ئەویش، وەك لە وتاری ژمارەی پێش رابردوو ئاماژەم پێدا بوو، ئەوەیە: ئۆباما نەك جێگەی مەترسی نییە بۆ كوردو دۆزە سیاسییە رەواكەی، بگرە جێگەی هیواو گەشبینیەكی بەرچاوە، بەكورتی سەرۆكی تازەی ئەمەریكا مەسەلەی دایەلۆگ و چارەسەری دەستووری و سیاسی كردۆتە شا ڕێگای سیاسەتی دەرەوەی. كورد لەو بوارەدا قازانجێكی زۆر دەكات بە تایبەتی لە بواری فایلە هەڵواسراوەكانی نێوان هەولێرو بەغدا.

لەوانەش بەولاتر، قازانجێكی دیكە دەكات لە بواری نەتەوەیی، ئەویش بەوەی كە ئۆباما هانی ئەنقەرەیشی دا بوو لە سەردانەكەی دا بۆ توركیا، بەر لە هاتنی بۆ عێراق، كە روو لە دایەلۆگ و سیاسەت بكات بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كورد لە ناو وڵاتەكەی و لە دەرەوەی وڵاتەكەیدا.

●●●
**كە ئۆباما دێت و هانی حكومەتی فیدراڵی عێراق دەدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دایەلۆگ و دەستوورەوە كێشەكانیان چارەسەر بكەن، ئەوا نەك هەر مەودای قازانجێكی گەورە لەبەردەم كورد دەكاتەوە، بگرە هاوتەباییەكیش لە نێوان زمانە سیاسییەكەی واشنتۆن و هەولێر دروست دەكات**
●●●

●●●
**گەورەی سەردانەكەی ئۆباما بۆ بەغدا ئەوە بوو كە بە ئاشكرا رووی لە حكومەتی عێراق كردوو داوای لێكرد لە ڕێگەی دەستوورو هاوبەشیی سیاسی كێشەكان چارەسەر بكرێن**
●●●